ڕۆمان



# وێڵی ئومێدم


نووسینی

زەینەب محەمەد

ڕۆمان

# وێڵی ئومێدم


نووسینی:

زەینەب محەمەد

ناسنامەی کتێب

- ناوی کتێب: وێڵی ئومێدم
- بابەت: ڕۆمان
- نووسینی: زەینەب محەمەد
- پێداچوونەوەی: کازم جەباری
- دیزاین: هونەر عوسمان
- قەبارە: ١٣*٢٠سم
- ژمارەی لاپەڕە: ١٢٦ لاپەڕە
- نۆبەی چاپ: چاپی یەکەم/ ٢٠٢٢
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- نرخ: ٣٠٠٠

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان،
ژمارەی سپاردن( )ی ساڵی ٢٠٢٢ی پێدراوە

ئەم بەرهەمەم پێشکەشە بە:

- ❖ خێزانەکەم
- ❖ خوێنەران

# پێشەکی

لەوانەیە وشەکانم زۆر سادە بن، لەوانەیە ئەوە نەبێت کە دڵ و ئـاوەزی تـۆ بـۆی ویـڵە، لەوانەیە نەبێـتە ئەو کلیلەی کە دڵت بۆی دەگەڕێیت، بەڵام هەڵبژاردەکانی من جیاوازن و پێویستیەکانی تۆش جیاواز.

نـازانم ئەم پێشـەکیە دەخـوێنیتەوە یـاخود نـا، ئەوەیـان پەیوەنـدی بەخـۆتەوەیە، مـن هـیچ کـات نەمویسـتووە و ناشـــمەوێت هـــیچ کەســـێک ناچـــاری خوێنـــدنەوەی نوسـراوەکانم بکەم نـازانم تـۆی خـوێنەر جوتیـاری یـان شوان یاخود دکتۆر و مامۆستا .. هتد.

دەزانـی هەر یەکێـک لەو پیشـانە بێت هـیچ گرنـگ نییە بەلامەوە: ئەوەی گـرنگە ئەوەیە کە دەزانـم تـۆ مرۆڤیـت، مرۆڤێکی زۆر بەهێزی زۆریش متمانەت بەخۆتە دڵیشـت پڕ ئومێدە، دەزانم زۆریش بە توانا و لێهاتوویت.

من دەزانم تۆ بۆ مانەوەت بە بەهێزی چەن دەجەنگـی، سـەرباری دڵشـکان و خەم و کێشـەکانی ژیانـت چەنـدە دڵ پڕ ئومێدیت.

من دڵنیام زۆرت چەشتووە، زۆرت بینیـووە لە تـاڵی و ســـوێری ژیـــان، لەهەمانکاتـــدا نەتهێشـــتووە کەوتنێکـــی ئەبەدی بێتە سەر ڕێت!

نەتهێشتووه بۆ جارێکیش بێت ئاستەنگەکانی ژیان تۆ پێناسـه بـکەن، بەڵکـو چەنـدین جـار پێـت نـاوەتە سـەر دڕکەکان خۆ ئەوانیش خراپ نین !جێگای نەفرەت نین دەزانی بۆ؟

چونکه دڕک و چاڵ و نزمی و سوتان وبرین وکەوتن ئەمانە هەموو ئەو مامۆستایانەی ژیانی تۆن کە فێرت دەکەن گەر بـتەویَ: هێـزت پـیَ دەبەخشـن دروسـتت دەکەن.

بەڵـــیَ ئەوانە ئـــاوان بە ڕووکەش وادەرەکەوێـــت دووژمنی تۆن، بەڵام وانییە، تۆ دەبیَ هەر کەوتن و هەر دڕکێکـت: هێنـدەی سـەرکەوتن و خۆشـییەکان خـۆش بوێت.

لەو بـاوەڕەدام مـرۆڤ هێنـدە بەهێـزە هەرگیـز بـیَ ئوومێـد نابێـت بەتـایبەت کـاتیَ بـۆی دەرەکەوێـت خودایەکی بیَ هاوتا و تەنیا زۆر نزیکیەتی بەڕادەیەک ئیتر تاوانە خەمێک بخوات و بیَ ئوومێد بێت.

بۆیە هەمیشە بە ئومێدەوە ژیان بکە!

زەینەب محەمەد تەها

سلێمانی/ باشووری کوردستان

# خەیاڵ جوانترین هەسارەیە بۆ ژیان

بەدیار ئەرکی قوتابخانەوە خەوە نوچکە چاوەکانمی تەنی بوو، تەواو هێزم لە خوێندن نەما و بڕستم لێ بڕا نەمتــوانی چیتــر درێــژە بەخوێنــدن بــدەم هاتمەســەر سیســەمەکە لەســەر پشــت لێــی کەوتــم، ســەیری بنمچــی ژوورەکەم دەکــرد، بیــرم لە تــاقیکردنەوەکەی بەیــانی دەکردەوە:

ئاخۆ دەبێ نمرەی تەواو بەدەست بهێنم و دووبارە ببمەوە یەکەمی پۆل تا ئەم هەواڵە بەهەموان ڕابگەیەنم و هەروەک پێشــوو تــر شــانازی بە ســەرکەوتنەکانمەوە بکەم؟

دواتــر تەواوی ســەرنجم چــووە ســەر یەکێــک لەو وێنــانەی کە بە دیــواری ژوورەکەمــدا هەڵمواســی بــوو: وێنەی (فڕۆکەیەکی سپی) زۆر جوان بوو، ئارەزووم دەرکــرد هەروەکــو فــڕۆکەوانە نایــابەکەی بەرنــامەی "پــێکەوە بەرەو ئاســمان" کە هەمــوو شــەوانێکی هەینــی تەماشــام دەکــرد، لێهــاتوانەبەرز بەرز بمفڕانــدایە بە ئاسمانی پڕ هەور و شینایيدا.

لەم سەروبەندەی خەیاڵەدا بووم: دەنگی دەرگا خەیاڵەکانی پچڕاندم

– کوڕی خۆم نەخەوتوی؟

– نەخێر دایکە گیان، سبەی تاقیکردنەوەم هەیە.

– باشە، بەڵام زوو بخەوە کات درەنگ...

شەوشاد.

زۆر شێواو بوو، ئەوەم بۆ ڕوون بوو کە باوکم سەرخۆش بووە و دووبارە لێی داوە، ئەمە کاری هەمیشەیی ئەو بوو، دایکم وای دەردەخست کە هیچ ڕووی نەداوە و دەیشاردەوە، من لەوە ڕاهاتبووم کە هەموو شەوێک باوکم بەسەرخۆشی دەگەڕایەوە بۆ ماڵ، تێنەدەگەیشتم کە بۆچی پیاوێکی خاوەن کاری وەک باوکم دەبێ حاڵی بەو جۆرە بێت!.

بازرگانێکی وا بەناوبانگ لەشاردا ئەمە ڕەفتار و شێوازی مامەڵەکردنی بێت، لەکاتێکدا دایکم زۆر بەباشی گرنگی بە ئەو دەدا، بۆیەکجاریش نەم دەبینی بێ فەرمانی بکات.

لە ڕاستیدا باوکم کارەکانی خۆی زۆر بەباشی بەڕێدەکرد بێ کێشە و گرفت، کەچی لە پەیوەندی خێزانیماندا کەسێکی شکست خواردوو و بێ بەرنامە بوو.

لەمێژبوو تەنانەت سەیری ژوورەکەشمی نەکردبوو چ جای بگاتە قسەکردن و گفتوگۆکردن لەگەڵم و گرنگی پێدانم، منیش وەکو هەموو جار گوێم پێنەدەدا.

- کورِم کاتی قوتابخانەیە شوفێرەکە چاوەڕێتە، زۆردواکەوتووی.

- باشە دایکە من ئامادەم.

- سلاو مامە عەتار بەیانیت باش.

-بە ڕوویەکی خۆشەوە، بەیانی تۆیش باش کوڕی خۆم هیوادارم بەباشی خۆت ئامادەی تاقیکردنەوەکە کردبێت.

وشە جوانەکانی هەمیشە گڕوتینێکی نوێیان پێ دەبەخشیم، ئەو پیاوێکی بەتەمەن بوو، بەڵام چوست و چالاک و چاوەکانی پڕ میهرەبانی و بەزەیی، هەمیشە بۆ دڵخۆشکردنی من چیرۆک و نوکتە و بەسەرهاتی کۆنی بۆ دەگێڕامەوە، لەوێڕا ئەوکاتانەی لە قوتابخانە دەگەڕامەوە یان دەچوومە قوتابخانە، زۆر سوور بوو لەسەر پاراستنی من و بەسەلامەتی گەیاندنم بۆ قوتابخانە وماڵەوە.

هەرکە گەیشتمە هۆڵی تاقیکردنەوەکە کەمێک دواکەوتبووم، بەڵام لەبەرئەوەی ناسراو و قوتابیەکی زیرەک و زرنگ بووم، هیچ کام لە مامۆستاکانم توڕە نەبوون و بەئاسوودەیی تاقیکردنەوەکەم ئەنجام دا.

چـــوومە دەرەوە بـــۆ نـــاو بـــاخچەی قوتابخـــانەکە، سروشتێکی جوان و هەوایەکی پاکژی هەبوو.

ئەو قوتابخـانەیەی کە منـی لـێ بـووم یەکێـک بـوو لە قوتابخـــانە تایبەتەکـــانی شـــارەکەم، نیگـــارە ڕەنگـــاو ڕەنگەکانی دیواربەندی قوتابخانەکەم هەمیشـە سـەرنجی ڕادەکێشـام، دیمەنێکـی جـوانی بەخشـیبوو بە ژیـنگەی دەوروبەری لەڕاستیدا هەروابوو سەلیقەیەکی وردم تیدا بەدی دەکرد.

هەرپـۆلە و نـاوێکی جوانیـان بـۆ هەڵبژاردبـوو، هەمـوو هەفـتەیەک نـاوی قوتـابیە زیرەکەکـان هەڵدەواسـرا بە تـــابلۆی ئاگـــاداركردنەوەکەوە، بـــاخچەیەکی گەورە و هەمیشـە سـەوز و گـوڵی جۆراوجـۆر، هەمیشـە پـاک و خـــــاوێن کارگوزارەکـــــانی چـــــالاک و میهرەبـــــان، مامۆسـتاکانی بەڕێـز و نمـونەیی بوون،هەمـوو کەسـێک ئارەزووی چوونە وەها قوتابخانیەکیان دەکرد.

بەڵام هەموو ئەمانەم بە فریودانێک دەبینـی، ئەوکـاتەی واهەسـت دەکەی شـتەکان کـاملْن بـێ خەیـاڵن لە نەنگـی بەڵام لە ڕاسـتیدا وانییە! شـتانێک هەبـوون منیـان بێـزار کردبوو یەکێک لەوانە بوونی سێ قوتابی هـاوپۆلم بـوو: ئەوان شـەڕانی و خـۆبەگەورەزان بـوون، هەرکەسـێکیان بەدڵ نەبووایە ئازاریان دەدا!

هەروەها سەرپێچی تەواوی یاساکانی قوتابخانەیان دەکرد، مۆبایلیان لەگەڵ خۆیان دەهێنا و جاری واش هەبوو وێنەی کچەکانیان دەگرت و گاڵتەیان پێ دەکردن.

دووەم شتی قوتابخانەکە: بێدەسەلاتی بەڕێوبەر بوو، بۆ جارێکیش خۆی لە قەرەیان نەدەدا و بانگیانی نەدەکرد تا لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکات.

هۆکارەکەش ئەوە بوو کە لەبنەماڵەیەکی دەسەلاتدار بوون، دەکرا تووشی هەڕەشە و تۆقاندن ببێتەوە...

هەموو ساڵێک بە داوای خێزانەکانیان دەردەچوون من باوەڕم بەو دەرچوونانەی ئەوان نەبوو، بێ ئەوەی هیچ شتێک فێرببن دەچوونە قۆناغێکی تر بەلام من لەبری دایک و باوکیان بووبام نەمدەهێشت بەوجۆرە قۆناغەکان تێپەڕێنن، بۆ ئەوەی چیتر سیستەمی پەروەردە بەرەو ڕووخان نەچێت.

ئەوان هیچ هەوڵێکیان نەدەدا هەمیشە نمرەکانیان لە خواری خوارەوە بوو.

دایک و باوکیان هێندە پارەی خستبووە بەردەستیان دەیانتوانی هەرکارێک بکەن کە دەیانویست، لەگەڵ ئەوەشدا تۆسقاڵێک ڕەوشتم لێیان بەدی نەدەکرد نە بەرامبەر مامۆستا و کارگوزارەکان نە بەرامبەر قوتابییەکان، هەرجارەو بە بیانویەک خۆیان لێ نزیک

دەکردمەوە و دەیانزانی قوتابیەکی زیرەکم ئێرەییان پێ دەبردم.

کاتێــک لە قوتابیەکــانی تــر یــان مامۆســتاکانمەوە دەیانبیســت کە چۆنم، بەڵام هەمــوو جارێــک مــن خــۆم لێیان دووردەخستەوە و ئەو شـوێنەم بەجێدەهێشت کە ئەوانی لێ بوون، ئەوانیش وایان دەزانی لێیان دەترسم: بۆیە هەمیشە گاڵتەیان پێدەکردم.

بەڵام مــن نەمدەویســت تووشــی کێشــەو گرفت ببم، چونکە بارودۆخی ماڵەوەمان هیچ باش نەبوو، دایک و بــاوکم زۆربەی جــار دەمەقاڵەیــان بــوو کە ئەمــانە بەتەواوی منیان وەرەس کردبوو.

ئەگەر بیــان زانیبــایە لە دەرەوە شــەڕم کــردوە یــان کێشەم دروست کردوە لێم خۆش نەدەبوون و سزاکەیم وەردەگرت، بەتوندترین شێوە ئازاریان دەدام.

**(هەنــدێکجار ژیــان نــا: بەڵکــو مرۆڤەکــان فڕێــت دەدەنە ناو قوڵایی دەریاوە، بەڵام ئازایی تۆ لەوەدایە بە دەستێکی پڕ مرواری بێیتە دەرەوە).**

خــۆ لە بیــرم نەکــردوە ئەوکــاتەی تەمەنــم بــوو بە (دە)ساڵ، واتە سێ ساڵ پێش ئێستا کاتێک ساڵ ڕۆژی لەدایک بوونم بوو...

- ئیحسـان سـبەی ڕۆژی لەدایکبـوونی ئومێـدی کوڕمـانە وای بە پێویسـت دەزانـم ئـاهەنگێکی بـۆ سـاز بکەین.

- ڕازیـم، بەڵام بەمەرجێـک (تەنیـا هەنـدێک لە هاوڕێکانی بانگ بکات و هیچ خزمێک ئاگادار نەکاتەوە!)

- کـوڕم باوکـت ڕازیبـووە بە پێشـنیارەکە، بەدی بە مەرجەوە.

- زۆر دڵخۆشم دایکە گیان سوپاس.

مۆڵەتم بۆ وەرگرتوی لە بەڕێوبەری قوتابخـانە تەنیا بۆ سبەی.

- زۆر باشە دایکە ڕۆژی دواتر وانەکان وەردەگرم.

ڕۆژێکی نـوێ و تـایبەت بـوو بۆ مـن تیشـکی خـۆرەکە تەواوی ژوورەکەمی ڕوناک کردبووەوە هەسـتێکی زۆر خۆشـم هەبـوو کە چیتـر گەورە دەبـم و دەتـوانم شـتی زیـاتر فێـربم و کـاری گەورە ئەنجـام بـدەم، پـێم وابـوو گەورەبـوون جگەلە شـانازیەکەی خۆشـبەختیەکی زۆرم پێ دەبەخشێت.

(ئاخر نێوان تەمەنی منداڵی و تەمەنی گەورەیی یەک شـتە ئەویش ئەوەیە کە؛ لە منداڵیدا هەمیشـە هەسـت بە بەخـتەوەری دەکەیـن بەڵام لە گەورەییمانـدا دەبێـت خۆمـان بە دوای بەختەوەریـدا بگەڕێـین، بـۆ ئەوەی

دڵخـــۆبین دەبێـــت تـــۆیی بەخـــتەوەری لە هەناومانـــدا بچێنین).

چومە خـوارەوە بەچـاوی خەواڵـوەوە وام دانـابوو کە هەمـوو شــت ئامــادەیە، پـێم وابـوو کە دایکـم هەمـوو شتێکی ڕێکخستبێت، بەڵام لە هیچ لایەکەوە دیـار نەبـوو بانگم لێ کرد سوودی نەبوو .

باوکم بەبێدەنگی لە خوارەوە دانیشتبوو سەیر دەهـاتە بەرچـاوم، بە تـامەزرۆییەوە خەریکـی بـۆنکردنی شـتێک بوو کە من نەمدەزانی چییە و بینینی ئەم بارودۆخەی بـاوکم بـووە پرسـیارێکی نەزانـراو لە مێشـکم دەهـات و دەچوو.

یەک شـــوێن مـــابوو بگەڕێـــم ئەویـــش ژووری ژێـــر زەمینەکە بـوو کە تـایبەت بـوو بە کارەکـانی بـاوکم ئەو بەتەنیـا لەوێ کـاری دەکـرد، هەرگیـز ڕێـگەی بە مـن نەدەدا بچمە ئەوێ بە هۆکارێکی نەزانراو.

بێئەوەی ڕێگەبدەم باوکم زۆر سـەرنجم بدات بەرەو قاتی خوارەوەی ژێر زەمینەکە هەنگاوم نا لەگەڵ ئەوەی ویستی دۆزینەوەی دایکم هەبوو، دوو ئەوەندەش حەزم دەکـرد بـزانم چـی لەو ژوورەدایە کە هێنـدە تـایبەتە نەتوانم سەردانی بکەم؟!

لەناکـاو وەک بلێـی بەئاگـا هـاتبێتەوە هـات بەرەو لام، هەسـتم پـێ دەکـرد کاتێـک ڕووم وەرگێـڕا کـردی بە

میلوانی کراسەکەمدا هێندە بەخێرایی ڕایکێشا تاکو دڕاندی توند دەستەکانی نابووە قوڕگم و ناوچاوانی بەجۆرێک گرژی کردبوو توانام هەبوو هەموو خەتەکانی نێوچاوانی بژمێرم.

- یارمەتی، یارمەتی دەخنکێم.

- جارێکی تر هەنگاو نەنێیت بەرەو ئەم ژوورە، تێ دەگەی؟!

- باشە، بەڵێن بێت دووبارەی ناکەمەوە.

- ئێستاش ون بە لە پێش چاوم.

دەستپێکی ڕۆژێکی ناخۆش بوو بە خێرایی و بەگریانەوە بەرەو سەرەوە ڕامکرد، چوومە ژوورەکەم کێلۆنی دەرگای ژوورەکەم لە خۆم داخست.

زۆر خەمبار بووم، بیرم دەکردەوە و لە خەیاڵی خۆمدا هەمیشە ئەو پرسیارەم هەبوو کە بۆچی باوکم بەوجۆرە ڕەفتارم لەگەڵ دەکات.

ئەم توڕەیی و سەرزەنشتانەی باوکم بێزاریان کردبووم لەدڵی خۆمدا دەمگووت بۆچی هەر باوکی من بەو جۆرەیە؟

بۆچی مام عەتار بۆ جارێکیش بێت نەم دەبینی لە کوڕەکەی بدات؟

من ڕقم لێی دەبووەوە و حەزم بەڕووخساری باوکم نەدەکرد زۆریش لێی توڕە بووم.

دوای ئەو هەمــوو ســزاو سەرزەنشــتانەی بــاوکم و سەیرکردنە ترسناکەکانی: هەموو ئەمانە منیان تووشـی مەلەل کردبوو، تەواو دڵتەنگی کردبووم.

کاتی ئاهەنگ نزیک بووەوە دایکم پەیدا بوو دەستێک جلی ڕەنگ خۆڵەمێشی، قردێلەیەکی سووری سەر ئێخە، جووتێک پێڵاوی ڕەشی ئامادەکرد و پۆشیانم.

مـن هـیچ ئاسـوودە نەبـووم، لەهەوڵـی پرسـیارکردندا بووم دەربارەی ڕەفتارو قسەکانی باوکم!

- دایکە باوکم بۆچی بەو شێوەیە ڕەفتار دەکات؟

- کوڕی خـۆم لەکـاتی گونجـاودا هەمـوو شـتێکت بـۆ باس دەکەم، ئێستا درەنگی کردوە بڕۆ.

- بەڵام دایکە...

- هـیچ مەڵـێ، ئێسـتاش بـڕۆ دەنـگە دەنگـی زۆر سـاز مەکەن.

هەمـووان لە دەوری مێـزەکە کۆبـووینەوە، دیمەنەکـان زۆر جـوان بـوون کێکێکـی گەورە بە ڕەنگـی شـین کە ژمـارە (دە)ی لەسـەر نەخشـێنرابوو وەک ئامـاژەیەک بە ئێستای تەمەنم.

هەرچۆنێک بوو دایکم بانگی باوکمی کرد، حـاڵی بـاش دیـار نەبـوو ڕەنگـی زەرد هەڵبڕسـکاو بـوو، چاوەکـانی بەشێوەیەک ئاوسابوون لێی دەترسام.

سات لەدوای سات لەوە دەترسام هەستێت و هەموو شتێک تێک بدات.

- بە بێتاقەتیەکی زۆرەوە، من دەچمە ژوورەکەی خۆم، بێدەنگ بوون بۆ هەمووتان باشترینە.

- باشە باوکە گیان بێ خەمبە.

- دایکیشم چووە ژووری کتێب خوێندنەوە.

کۆتایی ئاهەنگەکە بوو یەکێک لە هاوڕێکانم دەنگی مۆسیقای بەرز کردەوە و هەموویان دەستیان کرد بە هەراو هۆسە، هەرچەند هەوڵمدا ئارامیان بکەمەوە سوودی نەبوو.

ئەوەی ترسام ڕوویدا باوکم بەمەراقێکی زۆرەوە هات و هاواری کرد بەسەر هەمواندا و دەنگی تورەیی بەسەر ژوورەکەماندا ڕژاند، هەمووان بێدەنگ بووین.

- مەگەر من نەم وت کە بێدەنگ بن؟

- ببوورە باوکە گیان هەرچەند هەوڵی ئارام کردنەوەیانم دا بەڵام سوودی نەبوو.

- تۆ خۆت حەز بە سزا دەکەیت.

بەرەو لای من هات هەتا توانی زلەیەکی بەهێزی لای ڕاستم دا، بۆ ساتێک وام هەستدەکرد مردووم، تەواو خۆی خاڵی کردەوە ئەوەی بە زاریدا هات وتی دواتر ڕۆشت.

هەمـــوو لێـــدانەکانی بـــاوکم بەلایەک و ئەو زلەیەش لەبەردەمـــی هاوڕێکانمـــدا لێیـــدام بەلایەک بە قســـە ناخۆشـەکانی هەسـتم بە کەمـی دەکـرد (شـکانەوەی مـن ئەوی خراپ گەورە کردبوو.)

بە بێ هۆکار ئازاردان تەنانەت بەردیشی دەهێنایە گۆ.

ئیدی ڕەفتاری باوکم بەو جۆرە بوو.

کـاتی گەڕانەوەم بـۆ مـاڵ هـات و چـوومە بەردەرگـای قوتابخانەکە، عەلیم بینی هەم هـاوڕێ و هەم دراوسـێش بووین.

- درەنـگ کەوتـی دەمـێکە چـاوەڕێتم، پـێکەوە دەچیـنە بازاڕ.

- بازاڕ!؟ کام بازاڕ عەلی؟

- هەر ئەو شـوێنانەی کە مـن هەمـوو ڕۆژێـک بـۆی دەچم، بێ خەم بە گەشتێکی زۆر خۆش دەکەین.

- باشـە بەڵام دەبێـت سـەرەتا بە شـوفێرەکە بڵـێم تـا ماڵەوەمان ئاگاداربن.

پـــێکەوە بە تـــامەزرۆییەوە ڕۆیشـــتین ئەو ڕاهـــاتبوو چـونکە تەنیـا دایکێکـی پیـری هەبـوو کە ئەویـش ڕێـگەی پێـدەدا، ئەو زۆر بەباشـــی شـــارەزای کـــۆڵان و تەواوی بازاڕەکە بوو بوو.

- عەلـی دیمەنـی ئێـرە زۆر جیـاوازە لەو بـازاڕانەی کە من و دایک و باوکم بۆی دەیچن.

- ڕاستە، ئێرە بازاڕێکی میللیە بە بازاڕی هەژاران ناسراوە.

دیمەنی بازاڕەکە زۆر جیاواز بوو لەو بازاڕانەی کە ئێمە بۆی دەچووین، لە دڵی خۆمدا وتم خۆ ئەم شتانە هەمان ئەو شتانەن کە ئێمە لە بازاڕە تایبەتەکان دەیان کڕین.

میوەفرۆشەکان هێندە بە جوانی میوەکانیان دانابوو حەزت دەکرد تەنیا سەیریان بکەی لەهەموو ڕەنگێک.

- عەلی تەماشای ئەو منداڵە بکە چۆن توانیویەتی ئەو سینیە (سمیت)ە لەسەر سەری ڕابگرێ بەبێ ئەوەی دەستی پێوە بگرێ؟

- ڕاسیتیەکەی ئەوان زۆر شارەزان، کاری ڕۆژانەی ئەوان سمیت فرۆشتنە.

- تۆش چێژ لە بینینی ئەو دیمەنانە دەبینیت؟

- نەخێر، شتانێکی زۆر ئاسایین لە چاوی مندا.

- بۆچی وادەڵێی؟

- هەژاری جلوبەرگێکە هیچ کەسێک حەز بە پۆشینی ناکات، کەچی زۆربەی خەڵکی لەبەریان کردوە.

- تێناگەم، مەبەستت چییە؟

- ئەو دەستگێڕانە، ئەو منداڵانە، ئەوان و هەموویان ڕۆژانە هەمان شت دەکەن، ئەوەی دەیانەوێ تەنیا لە خەیاڵدا هەیە.

- پێت وایە من خەیاڵێکم نەبێ؟

- نەخێـــر، خەیاڵـــت هەیە، بەڵام ئاســـمان و زەوی جیاوازن!!.

- چۆن؟

- خەونی ئەو منداڵە سمیت فرۆشە تەنیا قوتابخانە و یاریەکی سادەیە، خەونی تۆش بوون بە فڕۆکەوان!

- ڕاستە، هەست بە دڵتەنگی دەکەم.

- ئەم قسـانەم بۆ دڵتەنگ بـوونی تـۆ نەکـرد، ویسـتم وێنەکان وەک خۆیان پێشانی تۆ بدەم.

هەستم دەکرد ژیـان زۆر جیـاوازترە لەوەی مـن پێیـدا گـوزەر دەکەم، بـۆم دەرکەوت کە دەوڵەمەنـدەکان بـێ ئاگاترین مرۆڤاکانن!

ئەوان خەمـی جلـی گەرم و گەرمـکەرەوە و مـاڵێکی ئارام و قوتابخانەیان نییە: تاکە خەمی ئەوان مۆدێلات و مـارکەی جیـاواز و فیزکـردن و پۆزلێـدانە بەسـەر هەژارەکاندا.

- ئومێد شـوێنێکی زۆر خـۆش پێدەزانم بۆ فرۆشـتنی باڵندەی ماڵی، دەتبەمە ئەوێ.

- بەڕاست؟ حەزم پێیەتی.

چوینە ژێر زەمینێک پڕ بوو لە باڵندەی ڕەنگا ڕەنگ و دەنگ خۆش.

ئای خوایە لەو هەموو باڵندە جوانانە!

باڵندەی دەنگ خۆش، تەماشای هەموو لایەکم دەکرد باڵندەی جوانی لێبوو، ئارەزووم چووە سەر کەناریەکی زەرد لەسەر مێزەکە کرابووە ناو قەفەسێکی گەورەوە و لێی چوومە پێش؛ زۆرم بە دڵبوو کەڵکەڵەی کڕینی دای لە مێشکم لەڕاستیدا هەر وابوو بۆنا پارەی تەواویشم پێیە، بەڵام شتێک وای لێکردم پەشیمان ببمەوە ئەویش کاردانەوەی باوکم بوو ئەگەر بیبینێ ڕێگە نادات، ئەو هەمیشە بە منی دەگووت تۆ ناتوانی پانتۆڵەکەت هەڵکێشی، ئێستا ئەوە ببمەوە دەبێ چی بڵێت؟

- ئومێد، ئومێد؟
- بەڵێ عەلی چی ڕووی داوە؟
- هیچ ڕووی نەداوە، مێشکت لە کوێیە؟
- هیچ نییە.
- باشە، ئەم کەناریە زەردە بۆ دایکم دەکەمە دیاری، ڕات چییە؟
- ئەم کەناریە؟!
- بەڵێ من زۆرم پێ زۆر جوانە.
- ئاە بەڵێ بێگومان زۆر جوانە.

هەردووکمان لەو فرۆشگایە چووینە دەرەوە، بەرەو شوێنی دارتاشەکان چووین لەوێ پیاوێکمان بینی لەسەر زەویەکە، شوێنی تێ پەڕینی خەڵکی بوو، پارچە

فەرشـێکی بچـوکی ڕاخسـتبوو چەنـد بـڕەرو چەقـۆ و مشارێکی لا بوو.

– عەلی ئەو پیرەمێردە خەریکی چییە؟

– ئەو دارتاشە، من یناسم شارەزاییەکی زۆری هەیە لە دروستکردنی کەلوپەلی ناوماڵ،یاری مندالآن... ئینجا با پێشت بڵێم ئەو لە خۆشیا بەو تەمەنەوە خەریکی ئەم کارانە نییە بەڵکو هەژارن و پێنج منداڵی بێ دایکی هەیە.

– بەدڵتەنگیەکەوە، بەڕاستی من هیچ کات کەسانی لەم جۆرەم نەبینیوە، دەی مادام بچینە لای؟

– بێگومـــان دەچـــین، زۆرباشـــە هێشـــتا کـــاتی گەڕانەوەمان بۆ ماڵەوە ماوە.

سڵاو مامە گیان، ماندوو نەبی.

– بەخێر بێن، فەرموون دەتوانن دانیشن.

هەنـدێک سـەیری شـتەکانیمان کـرد، ئەو سـەرباری بەســاڵاچوونی و کۆمەڵێــک دەرد و خەم لە دڵیــدایە، کەچـی زۆر دەسـت ڕەنگـین بـوو. چـاوم چـووە سـەر فڕۆکەیەکی دارین زۆر سادە دروستی کرد بوو، بەڵام زۆر لام پەسەند بوو.

– مـامە گیـان ئایـا ئەمـانە بـۆ فرۆشـتن دروسـت دەکەی؟

– بەڵـێ کـوڕی خـۆم، تەنـانەت دەتـوانم ئێسـتا بـۆت ڕەنگ بکەم بەهەر ڕەنگێک گەر دەتەوێ.

- بەڵێ دەمەوێ زۆر جوانە.

- فەرموو ئەوەش فرۆکەکەی تۆ بەڕەنگی شین.

لەگەڵ عەلی بە دڵخۆشیەوە بەرەو ماڵ بەڕێکەوتین.

ئەو ڕۆژە بۆمن زۆر تایبەت و خۆش بوو، چونکە کۆمەڵێک شتی جیاوازم بینی کە پێشتر هەرگیز نەمبینی بوون لەهەمان کاتدا دڵتەنگ بووم بەوەی ژیانی من ڕێک بووە بەپەردەیەک لە نێوان (حەقیقەت و درۆ)دا، دیوی دەرەوە نابینم لە واقیع دابڕاوم، تەنیا جیهانی خۆم نەبێ دیووە شاراوەکانی ژیان هەر بەشاراوەیی ماونەتەوە لام.

دیمەنی ئەو کۆڵان و گەڕەکانە زۆر جوان بوون، سادەیی تەواوی شوێنەکەی داپۆشی بوو.

منداڵان یاری فتبۆڵیان دەکرد سەدا و هەرایان لە تەواوی گەڕەکەکە دەنگی دەدایەوە پڕ بەدڵ ئارەزووم دەکرد منیشیان لەناوبایە.

دایک و باوکی من ڕێگەیان نەدەدا کە تێکەڵی منداڵانی گەڕەک ببم پێیان وابوو کە فێری قسەی ناشرین و ڕەفتاری ناشرین دەبم.

نزیکەی نیو کاتژمێر بە پێ ڕێمان کرد تا نزیکی ماڵەوە بووین

- عەلی تۆ چۆن ڕێگەی ماڵ شارەزای؟

- مــن هەمــوو ڕۆژێــک لە قوتابخــانەوە ڕاســتەوخۆ دەچمە بازاڕ و دواتریش هەر بە پێی دێمەوە.

- ئەمــڕۆ زۆر تــایبەت و خــۆش بــوو بــۆ مــن زۆر سوپاس.

- شایەنی نییە، گەر دەتەوێ دووبارەشی دەکەینەوە.

- ئەوەیان نازانم.

- کەواتە خوات لەگەڵ.

وەک ئەوەی شتێکی بیرچوو بێت هەنگاوێک گەڕایە دوواوە و پێی وتم: (ئومێد تۆ بۆ ئەوەی خەیاڵەکانت بکەیتە ڕاستی پێویستە بجەنگی)!

- ئەم ڕســـــتەیەی کۆتــــایی زۆر کـــــاری لێکـــــردم، لێکجیابووینەوە و ڕۆشتینەوە.

به چوونە ژوورەوەم: هەستم کرد کە میوانمان هەیە و ماڵمان زۆر بێدەنگ و ئارام بوو.

ئەوان لە ژووری تــایبەتی کۆبوونەوەکــانی بــاوکم بوون، چوومە چێشتخانە دایکم لەوێ بوو.

- سڵاو دایکە گەڕامەوە.

- کوڕی خۆم ئەوە کار بوو کردت؟

- بەڵام دایــکە زۆر خــۆش بــوو، بــاوەڕکە هەرگیــز شوێنی ئاوا کراوە و خۆشم نەبینیبوو.

- ئەوەی دەستت چییە لە نایلۆنت پێچاوە؟

- فڕۆکەی دارین، تەماشا دایکە هەرچەندە سادەیە بەڵام زۆر جوانە.

- باشە تەواو بچۆ ژوورەکەت، باوکت زۆر توڕەبوو بە نەگەڕانەوەت.

- یانی ئامادەی سزابم؟

- ئەوەیان نازانم!.

چوومە ژوورەکەی خۆم و فڕۆکە دڵخوازەکەی خۆم دەرهێنا و خستمە سەر مێزەکە، پارچە جلوبەرگێکی خۆم دا بە سەریا تا کەس نەیبینێ.

ڕۆژێکی پڕ ماندووم بەڕێ کرد و هەستم بە برسیێتیەکی زۆر دەکرد، بەڵام ئارەزووم بۆ خەوتن و پشودان زیاتر بوو بێ ئەوەی خۆم بگۆڕم لێی خەوتم.

- کوڕی خۆم کاتی نانی ئێوارەیە خۆت ئامادە بکە و وەرە خوارەوە.

- دایکە دەکرێ نانەکەم بۆ بێنیتە ئێرە؟

- نەخێر کوڕم، میوانەکانی باوکت تا درەنگ لێرە دەمێننەوە پێویستە تۆش ئامادە بیت.

- دیسان ئەو ئاغا مەحمودەش لێرەیە؟

- بەڵێ تەنانەت بەتایبەت داوای بینینی تۆی دەکرد.

- چەند ڕقم لێیە، باشە تەواو ئێستا دێم.

خۆم ئامادە کردوو چوومە خوارەوە، هەمیشە واهەستم دەکرد هۆکاری خراپی باوکم هاوڕێکانیەتی،

بۆیە هیچکام لەوانم خۆش نەدەویست بەتایبەت ئاغای مەحمـوودی ڕووخسـارێکی ناشـرینی هەبـوو، سـیخناخ بـوو لە پیاوەتی، زۆر بەکەمـی پێدەکەنی، ئەو زوو زوو دەهاتە ماڵمان.

- بەهـ بەهـ شێرە کوڕ هات.
- سڵاوتان لێ بێت بەخێربێن.
- وەرە تەنیشت منەوە دانیشە ئەوەش کورسی.
- نا سوپاس لێرە دادەنیشم.

دەسـتمان کرد بە نـان خـواردن هێنـدە مانـدوو بـووم، هێنـدە برسـی بـووم: ئاگـام لە دەوروبەرم نەمـا وەکـو جاران شەرمم نەدەکرد لە میوانەکان.

تەقەی کەوچکەکـان منیـان بێـزار نەدەکـرد، پڕ بەدڵـی خۆم نانم خوارد.

- گەر ئیـزن بفەرمـوون مـن تەواو بـووم، دەمەوێـت بچمە سەرەوە.
- هــم وادیارە ماندووی کوڕی خۆم.
- بەڵێ باوکە گیان.
- باشـە ڕۆڵەکەم دەتـوانێ بڕۆیـت، زوو بنـوو سـبەی قوتابخانەت هەیە.

بـاوکم وای نیشـان دەدا کە زۆر گرنگی بە مـن دەدات لەبەر چـاوی میوانەکـان خۆشەویسـتی دەبارانـد! دڵنیـام

کە لەبەر ئابڕووی خۆی بوو نەک سۆز و ئەوین بۆ من.

**(لێرە ئەگەر یەك گەردی ئەو خۆشەویستیەمان هەبایە کە بۆ پاراستنی ئابڕووی خۆمان لەبەر خاتری بەرامبەر بەیەك تری دەبەخشین، ئێستا ماڵەکانمان پڕدەبوو لە بۆن و بەرامەی خۆشبەختی).**

چومە سەرەوە، هەرچەندە زۆر ماندوو بووم، بەڵام هەرچۆنێک بوو ئەرکی قوتابخانەم جێبەجێ کرد.
باوکم و میوانەکان تا درەنگانی شەو خەریکی قسەکردن بوون.
دوای ڕۆژێکی ماندووکەر: سەیرێکی فڕۆکەکەم کردوو کەوتمە خەوێکی قووڵەوە.
کاتێک مرۆڤ دەخەوێت ئاسانتر دەتوانێت خەیاڵ بکات و ئازادتر بفڕێ!
دەنگی دەرگا لەو خەوە قووڵە ڕایچڵەکاندم، بۆ یەکەمجار بوو باوکم بدات لەدەرگا و پاشان بێتە ژوورەوە.

- بەیانیت باش، هەستاوی؟
- بەڵێ هەستام بە دەنگی تۆ.
- هم تێرخەو بووی وایە؟

- وابزانم کات درەنگی کردوە، پێویستە خۆم ئامادە بکەم.

- بە ڕوخسارێکی پڕ لە گومانەوە، دوێنێ لە کوێ و لەگەڵ کێ بووی؟

- لەگەڵ عەلی بووم، چوینە بازاڕ.

- وەکو فەرماندەیەکی دڵڕەق کە پلەوپایە تووشی لوتبەرزی کردوە، بازاڕ؟ کام بازاڕ؟

- دەزانم پێت ناخۆش بوو باوکە، بەڵام ئەوێ زۆر جیاواز و خۆش بوو دەتوانی تاقیکەیتەوە.

- تۆ من فێر دەکەی؟

- نەخێر، مەبەستم ئەوە نەبوو ببوورە.

- دووبارەی نەکەیتەوە کۆتا جارت بێت.

هێندە خۆی مۆن و گرژ کردبوو، دەتوت ئاگر باریوەتەسەر ڕووخساری، ئەم نیگایانەی باوکم منی زۆر دەترساند بەڕادەیەک نائومێد بووم لێی بەرەو لای پەنجەرەکە چوو، دەستەکانی توند نابوو لەیەک و تەماشایەکی دەرەوەی کرد.

چاوی چووە سەر ئەو پارچە قوماشەی سەرمێزەکە کە دابووم بەسەر فرۆکەکەدا لای بردو و تێر تەماشی کرد.

هێندە بە چاوێکی سووکەوە لێی دەڕوانی، دەمزانی ئەوەشم پێ ڕەوا نابینێت.

سەیرێکی کردم، پەنجەرەکەی کردەوە و فڕێی دایە خوارەوە!

بێ ئەوەی یەک وشەش بڵێت فڕێی دایە خوارەوە و ژوورەکەی جێهێشت.

بەپەلە بەرەو لای پەنجەرەکە چووم سەیرێکی خوارەوەم کرد و بینیم بەتەواوی تێکشکاوە.

(چەند سەختە مرۆڤ دەستەوەستان بێت لە بەرامبەر لەدەست دانی ئازیزترین شتی).

زۆر دڵتەنگ بووم تەنانەت حەزم نەدەکرد بچمە قوتابخانەش.

گەورەکان هەرگیز لەوەتێناگەن کە بۆچی ئێمەی منداڵ لەگەڵ یاریە سادەکاندا هێندە دڵخۆش دەبین، ئەگەر بیانزانیبایە یاریکردن بۆ منداڵ چەند جیهانێکی گەورە و ئارامە، ئەوە هەرگیز لەو جیهانە بێبەشیان نەدەکردین.

دەرگای ژوورەکەم داخست و دەستم کرد بە گریان، من ڕقم لە گریانی خۆم بوو چونکە دەمزانی گریانی بێدەسەلاتیمە.

کاتێک مرۆڤ دڵتەنگ دەبێت هەموو برین و دڵتەنگیەکانی ڕابردووشی دێتەوە یاد، هەمیشە ویڵ بووم بەدوای هۆکاری ئەو جۆرە ڕەفتارانە، دەمویست بزانم ژیانی گەورەکان بۆ هێندە ئاڵۆزە مێشکم پڕ بوو لە پرسیار و گەر مردن بهاتایە نەمدەویست نەک لەبەر

ئەوەی کە دەترسـم، بەڵکـو دەمویسـت وەڵامـی ئەو پرسـیارانەی مێشـکم دەسـت کەوێـت چـونکە قورسـە مرۆڤ بە نەزانینەوە بمرێ و سەر بنێتەوە.

دایکـم هـاتە ژوورەوە، بە پەلە سـەیری کـردم تـاکو بزانێ باوکم ئازاری داوم یان نا خەمی منی بوو.

- کوڕم تۆ باشی؟

- نەخێر دایکە، نەخێر، هیچ باش نییم خەمبارم.

- دەزانـم، منـیش خەمبـارم هەسـت بە تـاوانێکی زۆر دەکەم چـونکە نەمتـوانی وەکـو دایکێکـی ئـازا لە باوکـت جیـابمەوە و ژیـانێکی ئاسـوودەت پێشـکەش بـکەم، زۆر ببوورە کوڕی خۆم.

بەڵام هەندێک شت هەن تۆ ئێستا تێیان ناگەیت.

- دایکە بۆچی دڵخۆشی منتان ناوێت؟ ئاخر بۆچی؟

- ڕۆڵەکەم ئەوە کەی قسەیە؟ چۆن نامانەوێت؟ ئێمە دایـک و بـاوکی تـۆین، لەبەر خـاتری تـۆ بەرگەی هەمووشتێک دەگرین.

- ئەی ئەو ڕەفتارانە چی؟

- ئاهـ کـوڕی خـۆم ناهەقت نییە، مـافی خـۆتە بزانـی بەڵام وەک پێم وتی ئێستا نا تکایە.

- ناچمە قوتابخانە، تکایە بەتەنیا بەجێم بهێڵە.

- باوکـت چـووە گەشـتی کـار، ئێـوارە داپیـرت لێـرە دەبێت.

- بەڕاست؟ ئەوە دڵخۆشکەرە.
- ئێستاش خۆت ئامادە بکە بۆ قوتابخانە.

داپیــرم کەســێکی زۆر خۆشەویســت بــوو لام، ئەو چیـرۆک و هـۆنراوەی خۆشـی دەزانـی، تەنیـا بـاوکمی مـابوو زۆری خـۆش دەویســت زۆر بەتەنـگەوە بـوو کەسـێکی میهرەبـان بـوو، بـاوکم بـۆ ئەو وانەبـوو زۆر گرنگی پێ نەدەدا تەنانەت ساڵی جارێکیش نەدەچووینە لای بۆ لادێ پێم وایە (دایک لە هەموو کەسێک گرنگترە، ئەو منـداڵەی دایکـی لەدەسـت دەدا بە درێژایـی تەمەنـی ئـازار دەچێژێت، ئەو دایکـانەی لە خەڵـوەتگەی پیریـدان، وە یاخود ئەوانەی لە ماڵە چۆڵەکانیاندا تەنیاکراون ئەوا بەدڵنیـاییەوە منــداڵەکانیان کلیلــی خۆشــبەختیان بــۆ هەمیشە ونکردوە).

بە داواکەی دایکم ڕازی بووم و هەستام خۆم ئامادە کـرد، هەرچەنـدە دڵـم هەرلای فـڕۆکە شـکاوەکەم بـوو، بەڵام وام بیرکردەوە و دڵنیـابووم کە داپیرم شتی زۆر جوانم بۆ دەهێنێت.

ئەو هەمـوو کـات بەدیـاری و شـتی سـادەوە دڵـی منـی خۆش دەکرد .

هەرچەنـدە بەتەمەنـدا چـوو بـوو، بەڵام ئەمە نەببـووە ڕێگر لەبەردەم گرنگی پێدانی بە من.

**(کاتێـک مـرۆڤ پەیژەکـانی سـەرکەوتن دەبڕێـت، بەدڵنیاییەوە دوژمن و ڕکابەری زیاتر دەبێت).**

چـــوومە قوتابخـــانە ڕۆژی وەرگرتنـــی ئەنجـــامی تاقیکردنەوەکان بوو، هەر لەیەکەم وانەدا مامۆستا هـاتە ژوورەوە و ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی بە دەستەوە بـوو دانە بە دانە ناوەکـــانی دەخوێنـــدەوە و ئەنجـــامەکەی پێدەدان هاتە سرەی ناوەکەی من

مامۆســتا بە ڕوویەکــی خۆشـــەوە پێــی ووتــم؛ کە دووبارە توانیوومە نمرەی تەواو بەدەست بهێنم و ببمە یەکەمی پۆل زۆری پیاهەڵدام و منیش سوپاسم کرد.

هەنــدێ لە هاوپۆلەکــانم دەستخۆشــیان لــێ کــردم، هەندێکیان بە دیـار کـاغەزی خۆیـانەوە سـەرقاڵ بـوون، چەنـد کەسـێکیش بە چـاوی ڕق و کیـنەوە تەماشـایان دەکردم.

دەیڵێمەوە مـرۆڤ کاتێک بەرەو سـەرکەوتن دەچێت: دوژمن و ڕکابەری زیاتر دەبێت.

منـیش بەبـێ ئەوەی خـۆم هەڵکێشـم یـان لـوت بەرزی بنــوێنم سوپاســیانم کــرد، پــاش تەواوبــوونی وانەکە چــوومە دەستشــۆرەکان کاتێــک تەواو بـــووم بەرەو دەرگــاکە هەنگــاوم نــا بــۆم دەرکەوت کە دەرگــاکە ناکرێتەوە و گیری خواردوە .

هەرچەندە هاوارم کرد و داوای یارمەتیم کرد هیچ کەسێک وەڵامی نەدامەوە نەمدەزانی دەبێت چی بکەم و ماوەیەکی زۆر تێپەڕی لە ناکاو کارگوزارەکە دەرگاکەی کردەوەو هاتە ژوورەوە .

- بە سەرسامیەوە لێی ڕوانیم! ئەوە تۆ چی دەکەی لێرە ڕۆڵەکەم؟

- بە ترس و دەنگێکی کزەوە، گیرم خواردوە مامەگیان کیلۆنی دەرگاکە تێک چوو بوو.

- ئەوەتۆ باسی چی دەکەی؟ دەرگاکە داخرابوو لە دیوی دەرەوە !

- بەڕاست جا کێ ئەوە دەکات؟ و بۆچی؟

- من مێشکم کەسانێکی تێدایە، بەڵام گرنگ نییە با بتبەمەوە بۆ پۆل، ئێستا مامۆستا لە وانەدایە.

- پێم دەڵێی مێشکت کێی تێدایە؟

- گرنگ نییە ڕۆڵەکەم، بابڕۆین.

کات ناوەڕاستی وانەی سێیەم بوو،

- بە ساردیەکەوە سەیرێکی کردم، لەکوێ بووی ئومێد؟

- زۆر داوای لێبووردن دەکەم مامۆستا توشی کێشەیەک بووم.

- ڕاستیەکەی گیری خواردبوو، کەسێک بە ئەنقەست دەرگای دەستشۆرەکانی داخستبوو لە دیوی دەرەوە بیبەخشە.

- بەداخەوە، باشە کەواتە هیچ کێشە نییە، دەتوانێت دابنیشێت.

کارگوزارەکە ڕۆیشت دانیشتم بینیم یەکێک لە هاوپۆلە شەڕانگێزەکانم لەبەرخۆیەوە پێدەکەنێت، بەو هەڵسوکەوتانەیەوە زانیم کە کاری ئەو بووە، بەڵام هیچم نەوت و وازم لێهێنا .

گەر وام نەکردبایە تووشی کێشەیان دەکردم .

هەندێکجار ڕەفتارت بەرامبەر هەندێک مرۆڤ با تەنها بێدەنگی بێت، ئەمە لاوازی تۆ نییە، بەڵکو ئەوپەڕی بەهێزیتە.

دەزانی کاتێک دڵ پڕ و تورەیت، لەوکاتدا ئارامی و بێدەنگیت چەند قورسە؟

بە هەموو مرۆڤێک ناکرێت، بەڵام گەر توانیت زاڵ بیت بەسەریدا و بێدەنگ بیت و ئارام بیت وابیربکەوە چەندە بەهێزی؟

چوومە دەرەوەی قوتابخانەکە و ماوەیەکی زۆر چاوەڕێم کرد لەوێ هەر منداڵە و کەسێک دەهاتە شوێنی و دەیبردەوە، بەڵام مام عەتار دیار نەبوو !زۆرم پێ سەیر بوو، چونکی ئەو پێشتر هەرگیز

دوانەکەوتبوو لەوەی بمگەڕێنێتەوە ماڵەوە چ جای بگاتە نەهاتن!

ئوتومبێلێک لەوبەری شەقامەکە وەستابوو هاتە نزیکم و شوفێرەکە سەری لە جامەکەوە دەرکرد.

- سڵاو ئومێد.

- بە سەرسامیەکی زۆرەوە، سڵاو لە بەڕێزیشتان، تۆ چۆن ناوی من دەزانی؟!

- بە لوتبەرزییەکەوە سەیری کردم، من حامیدم هاوڕێی کاری باوکت.

- ئێ باشە، بەڵام تۆ چی دەکەی لێرە؟ ئایا مام عەتار تۆی ناردوە کە بمگەیەنیتە ماڵەوە؟

- بە شڵەژاویەکی زۆرەوە وەڵامی دایەوە، بەڵێ من هاتووم بتبەمەوە.

- بارانیش دەستیپێکرد، کەواتە بابڕۆین.

لەلایەک باران دەباری و تەڕدەبووم لە لایەک مام عەتار دیار نەبوو، بێ ئەوەی متمانەی پێ بکەم بە ناچاری سواری ئوتومێلەکەی بووم.

من هەرگیز پێشتر ئەوم نەدیبوو لام سەیر بوو کە ماڵمانی دەزانی لە دڵی خۆمدا ووتم: ئایا مام عەتار بەنیازە واز بهێنێ لە شوفێری کردن؟ ئایا هەر بۆ ئەمڕۆیە ئەم کابرایە؟ نەمدەزانی چی ڕوودەدات.

ئۆتومبێلێکی جام ڕەش وەکو ئۆتـومبێلی مافیاکان کە لە فیلمەکـانەوە بینیبـووم، نەمـدەتوانی دەرەوە ببیـنم، پـڕ بـوو لە بـوتڵی خـواردنەوە و زبـڵ، هەمـان ئەو جـۆرە شوشـانەی کە بەباشـی دەمناسـینەوە بـاوکم بەکـاری دەهێنان قاتێکی ڕێکی لەبەر کردبوو.

دوو دەسـتەوانەش دیـار بـوو، سـەرمای بـوو هەتـا گەیشـتینە بەردەم ماڵەوەمـان هەر پرسـیاری بـێ مانـا و سەیرو سـەمەرەی دەکرد کە هـیچ پەیوەندی بە ئەوەوە نەبوو، (ئەگەر مرۆڤ بیزانیبایە چەندە ناشـرینە کاتێک پرسـیار لەبـارەی بـابەتێکێکەوە دەکـات کە پەیوەنـدی بەوەوە نییە، ئەوا هەرگیـز وەهـا پرسـیارێکی نەیـدەکرد، بەدبەختی ئێمەی مرۆڤ ئەوکاتە دەست پـێ دەکات کە ئـارەزوودەکەین دەسـت وەربـدەینە ژیـانی بەرامـبەر و خۆمان بە پرسیاری ناپێویستەوە سەرقاڵ بکەین)

هیوادارم جارێکی تریش بتبینمەوە بچکۆل، بۆ جـاری داهاتوو ڕووخساریشت ئاوا گرژ نەبێت.

- بە دەنگێکی کزی ژێر لێو، پیاوی نەزان.

بـێ گوێـدانە قسـەکانی ڕۆیشـتمە ژوورەوە، دەرگـاکەم داخست و دڵخۆش بووم کە ڕزگارم بوو لە دەستی.

داپیرم هاتبوو بە تامەزرۆییەوە پێشوازیم لێکرد بەبێ ئەوەی ڕووداوی گیرخواردنەکەی قوتابخانە بـاس بکەم کەوتمە قسەو باس لەگەڵ داپیرم

- ئومێد ببووره ئەمجاره هیچ دیاریەکم لەگەڵ خۆم نەهێناوه.

- بەڕاست؟ چاوەڕێی شتی جوان بووم.

- بەڵام بەڵێن بێت سبەی دەچینه بازاڕی باڵندەکان به ئارەزووی خۆت باڵندەت بۆ دەکڕم.

- ئەوه زۆر باش دەبێت، (عەلی)یش بانگ دەکەم پێکەوه دەچین ئەگەر دایکم ڕازی بێت.

- به ڕووییەکی خۆشەوه، ئەویش ڕازیه کەواته دەچین.

پاشان بابەتەکەی مام عەتارم بیرکەوتەوه پرسیارم له دایکم کرد:

دایکه بۆچی مام عەتار بەنیازه لەمەودوا کەسێکی تر لەبری خۆی ببێ به شوفێرم؟

- ئەوه تۆ باسی چی دەکەی؟ کەس نییه شوێنی ئەو بگرێتەوه.

- ئەمڕۆ نەهاتبوو، حامید منی هێنایەوه.

- حامید کێییه؟ شتی وا ئەستەمه گەر شتێکی وا هەبێت، پێویست بوو ئێمه ئاگادار بکات.

- کەواته حامید درۆی کردوه؟ ئەو ووتی که هاوڕێی باوکمه.

- نەخێر من خۆم هەموو هاوڕێکانی باوکت دەناسم هەرگیز ناوی ئەوم نەبیستوە و نەهاتۆتە ماڵمان .بەڵام ئەی مام عەتار چی؟ بۆچی نەهاتۆتە شوێنت؟

- منیش زۆرم پێ سەیر بوو، نازانم چی ڕوودەدات.

- پەیوەندیش وەڵام ناداتەوە.

- کێشە نییە دەچم بۆ ماڵیان.

بەپەلە خۆم گەیاندە ماڵیان، کوڕەکەی وتی کە هێشتا باوکم نەگەڕاوەتەوە.

نزیکی کاتژمێرێک چاوەڕێم کرد درا لەدەرگا و نەمهێشت ماندووبوونی دەربچێ کەوتمە پرسیارکردن لێی:

- پێوستە زۆر بە پەلە قسەبکەین.

- دەزانم ڕۆڵەکەم، دانیشە و گوێ بگرە.

سەرلەبەیانی ئەمڕۆ بۆ کڕینی دەرمانەکانی خێزانم چوومە دەرمانخانەی دەرەوەی شار لەکاتی شوفێریکردنم هەستم دەکرد ئوتومبێلێکی جام ڕەشی تایبەت چاودێریم دەکات، هەرچۆنێک بوو توانیم خۆمی لێ ون بکەم.

بەڵام تاکو چوومە دەرمانخانە و گەڕامەوە تایەکانی ئوتومبێلەکەم پەنچەر کرابوون تەنیا گومانیشم بۆ ئەو ئوتومبێلەیە کە دەمێک بوو چاودێری دەکردم.

نازانم کێ بوو بەڵام منی دواخستووە تاکو مەرامی تایبەتی خۆی بهێنێتە دی.

- مام عەتار پیاوێکی بە ئەزموون بوو زۆر بە باشی شارەزای ئەم شارە بوو، ئەی ئەو پیاوەت بۆچی ڕاسپاردبوو کە من بگەیەنێتەوە ماڵەوە؟

- بە سەرسامی و باوەڕبەخۆبوونەوە، من هیچ کەسێکم ڕانەسپاردوە تۆ بباتەوە ماڵەوە!

- ترسێکی زۆر کەوتبووە گیانم، ئەی حامید؟ ئەو کێیە؟

- پێم وایە منیان دواخستووە و تۆشیان فریوداوە بۆ ئەوەی زیانت پێ بگەیەنن.

- بەڵام شتێکی وام هەست پێ نەکرد، تەنیا قسەی بێسەرو بەری دەکرد تا گەیشتمەوە ماڵ!

- ڕۆڵەکەم ویستوویەتی بتناسێ و بە ڕووخسارت ئاشنابێ.

دەنا لەم ڕۆژگارەدا کەس ئەوەندە سادە نییە مەتەڵت بۆ باس بکا بێ ئەوەی بتناسێ.

مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە نرخیان لەسەر پێکەنین و زەردەخەنەکانیش داناوە.

- ڕاست دەکەیت مامە گیان، دایکیشم وتی کە نایناسم.

- ئـێ تەواو کەواتە ئەو تـۆی خـۆش ناوێـت و نـابێ خـۆتی لـێ نزیـک بکەیـت ئیتـر دەبـێ زۆر بە وریـاییەوە ڕەفتار بکەی.

بابەتەکەمـان بە نهێنـی هێشـتەوە و چـاوەڕێ بـووین بـاوکم لە گەشـتی کـار بگەڕێیـتەوە، ئینجـا بـۆی بـاس بکەین تاکو تووشی خەم و دوو دڵی نەبێت.

دایکـم زۆر دەترسـا و خەمـی بـوو کە نەوەک بیـانەوێ زیانێک بە من بگەیەنن.

هەرچەنـدە بیـری باوکیشـم دەکـرد بەڵام هەوڵـم دەدا چێـژ لە کاتەکـانم وەربگـرم، بەخـۆم دەوت هەتـا بـاوکم لێرە نییە کاتی خۆش بەسەر بەرم.

بۆخـوانی ئێـوارە دایکـم لە خۆشـترین خواردنەکـانی دروست کردبوو.

هەرسـێکمان لەدەوری مێـزی نـان خـواردن دانیشـتین داپیـرم بـاس و خواسـی ڕابـردووی بـاس دەکـرد منـیش چێژم لە گێڕانەوەکانی وەردەگرت.

- داپیرە دەمەوێ کاتی خەوتن چیرۆکم بۆ بگێڕیتەوە وەکو جاران، مـن بێـزار بووم لە سـەیرکردنی کـارتۆنی بێمانا.

- باشە ڕۆڵەکەم تـۆ جـارێ بچـۆ ئەرکـی قوتابخـانەت تەواو بکە من خۆم دوایی دێم بۆ ژوورەکەت.

- بە چاوان داپیرە گیان چاوەڕێم.

**(مرۆڤ گەر بیزانیابـایە چـی ڕووداوێـك چـاوەڕێی دەكـات؛ ئەوا نەیدەتوانی بە ئاسانی ژیان بكات هەرگیـز لە حیكمەتـی نەزانین و نائاگایی نەدەزانی).**

بـۆ بەیـانی هەرسـێكمان چـووینە بـازاڕ، بەڵام زۆر قەرەباڵختر بوو بەبەراورد بەو ڕۆژەی کە من و عەلـی چووین، داپیرم پێی وتـین کە دەبێت زۆر وریـا بین لە بـازاڕێكی ئـاوا قەرەبـاڵخ کە پـڕ بـوو لە خەڵكـی دەروەزەكـار و دزەكـانی بـازاڕ کە هەمیشـە لە هەلێـک دەگەڕان گیرفـان و جـزدانەكەت بە تـاڵان بەرن، مـن و عەلـی بەیەكەوە لە دوای داپیـرمەوە بـوووین بە تـامەزرۆییەوە سـەیری شـمەكی فرۆشـیار و دەستگێڕەكانمان دەكـرد تەنـانەت (عەلـی)ش چـاوگێڕی زیاتری دەكرد وەک بڵێی یەكەمجاری بێ.

داپیـرم خەریكـی تەماشـاكردنی پێداویسـتی مـاڵەكەی خـۆی بـوو، ئـێمەش چـوینە لای كـۆتر فرۆشـێک کە نمایشی كۆترەكانی دەكرد.

ئەوان لەچـاوی منـدا ئازادیـان لـێ زەوت كرابـوو، ئەڵقەیەک کە ژمارەی پێوە بوو خرابووە قاچەكانیـانەوە و تەنـانەت ڕەنگیش كرابـوون! بەو هێمـایەی کە ئەمـانە

مـوولّکی ئەوانـن بـێ ئاگـا لەوەی کە نـاتوانن بیـانکەنە مـولّکی خۆیـان، هـیچ کاتێـک مـرۆڤ ناتوانێـت بەزۆر کۆمەڵە شتێک بکات بە هی خۆی.

ئای خوایە مرۆڤ بۆ ئاسوودە بوونی خۆی دونیایەک بەدبەختی بەسەر گەردوندا دەهێنێت.

دواتر داپیرم و عەلی پێکەوە خۆیان کرد بە دوکانی میـوە و سـەوزە فرۆشـەکاندا، منـیش هەر لە نزیـک کۆترەکـان دانیشـتم و چاوەڕێیـانم کـرد، بەڵام هەسـتم دەکـرد کەسێک چـاودێریم دەکـات، لە سـەرەتادا خـۆمم نەشڵژان پێم وابوو کە شتێکی وا نییە خەمی لێبخـوم و بازاڕێکی گەورەیە لەوانەیە من بەهەڵەدا چووبم.

- ڕۆڵەکانم مـن مانـدوو بـووم بـا بگەڕێینەوە بـا خێرا بچین بۆ وێستگەی پاسەکان.

- زۆر چـاکە داپیرەگیـان ئـێمەش مانـدوو بـووین کاتیش درەنگی کردوە.

هەنـدێ سـەوزەو میـوەی تازەمـان بـۆ مـاڵەوە کـڕی و بەرەو وێستگەکە بەڕێ کەوتین.

پاسـەکە هێشـتا پـڕ نەبووبـوو تـا کـاتی ڕۆشـتنی بێـت، داپیـــرم پـــاش گەڕانێکـــی زۆر بەڵام جـــزدانەکەی نەدۆزیەوە.

- ڕۆڵەکـانم هـیچ کامتـان جزدانـی پارەکـانی منتـان نەبینیوە؟

- نەخێر داپیرەگیان من هیچم نەبینیوە، چی بووە ئایا ونت کردوە؟

- کۆتا شوێن کە بۆی ڕۆشتین دووکانی فرۆشتنی سەوزە و میوە بوو، کەواتە لەوانەیە لەوێ لەیادت کردبێ.

- کاتی بە ڕێکەوتنی پاسەکە زۆری ماوە هەردووکتان پێکەوە بچن و بگەڕێن.

- نەخێر داپیرە خۆم دەچم با عەلی لای تۆ بێ، من شارەزای بازاڕەکە بووم هەر ئێستا دێمەوە.

بەنزیکەیی هەموو شوێنەکان گەڕام، بەڵام هیچم نەدۆزیەوە، کۆتا شوێن چوومە لای فرۆشگای باڵندەکان پرسیاری جزدانەکەی داپیرم کرد لە فرۆشیارەکە پێی ووتم (کەسێک دزدانێکی دۆزیوەتەوە لیرە دایناوە تاکو خاوەنی بۆ پەیدا بێت و پێیبدەمەوە.)

دڵخۆش بووم کە هێشتا لە کۆمەڵگەکەماندا مرۆڤگەلی وا بوونی ماوە.

کەسەیرم کرد ئەوەی داپیرم بوو سوپاسم کردو بە خێرایی کەوتمە ڕێ بۆ وێستگەکە پێم وابوو کاتی دەرچوونی پاسەکە هاتبێت.

لەناکاو ئوتومبێلێکی گەورە لەپێشم وەستا دوو پیاو کە ڕووخسار و دەستی خۆیان داپۆشی بوو پێکڕا ڕایانکێشامە ناو ئوتومبێلەکە، کاتێک بە ئاگا هاتمەوە

چاویـان بەسـتبووم تـاكو ڕێـگە و شـوێنەكان نەزانـم هۆكاری خەولێكەوتنەكەشم گریانی زۆر و هـاواركردنی بێ سوود بوو.

هێندە ترسابووم سەرتاپای جەستەم دەلەرزی نازانم ترس لە مردن بوو یان ترس لە چۆڵەوانی و تەنیایی یانیش لەدەستدانی خانەوادەكەم خۆشم نازانم چی بوو.

**(مـرۆڤ كاتێـك دەترسـێ كە ڕوداوێكـی جیـاوازتر لە بیركردنەوەو خەیاڵەكانی ڕوبدات، لەوكاتەدا وێڵی جەنگەڵی تاریكی و بێ ئۆقرەیی دەبێت، ترس وا لە چاوی مرۆڤ دەكات هۆكار و چارەسەر لەناو یەك كاسەدا ببینێ).**

گەیشتینە ئەو شوێنەی كە ئەوان مەبەستیان بوو، چاو و دەستیان كردمەوە، چۆڵەوانیەكی سامناك و بێدەنگ منیان كردە ژوورێكی گەورەوە وەكو گەراجەكەی ماڵی خۆمان بوو.

دەرگـایەكی لەتەخـتە دروسـتكراوی گەورەی هەبـوو هەنـدێ بەرمیـل، تـایەی ئوتومبێـل، گوریسـی كـۆن و كۆمەڵێـك شـتی بێكەڵـك و بەكـارهێنراو، ژوورێكـی نـاخۆش بـوو كە زەویەكەی لەخـۆڵ و دیـوارەكەش لەبەرد دروستكرابوو.

من هەرگیز پێشتر شوێنی وا سامناک و ترسناکم نەدیبوو، ئاسەواری ئێسقانی بچوکی لێبوو، پێم وابوو پێشتر سەگی لێ بەخێو کرا بێت.

پاش ئەوەی هەردووکیان چوونە دەرەوە، لە سوچێکەوە دانیشتم زۆر خەمبار و دڵتەنگ بووم لەگەڵ خۆمدا قسەم دەکرد:

بڵێی ئێستا داپیرم و عەلی چی بکەن؟

دڵنیام زۆر شپرزەو بێ ئومێد بوونە.

بڵێی ئێستا (پۆلیس)یان ئاگادار کردبێ؟

بڵێی باوکم بە بیستی هەواڵی ڕفاندنی من داچەڵەکێ و بۆم بگەڕێ؟

نازانم، باوەڕناکەم خەمی منی بێت، ئەو ئێستا لە کەیفکردنی خۆیەتی چ باکی بە من هەیە.

کار، ماڵ و سامان پەردەیەکی ڕەشی ئەستوری هێناوە بەسەر چاو و دڵیدا نە تۆسقاڵێک خۆشەویستی و نە کەمێک ئومێدی لێ بەدی دەکرێت.

تەنیایی و قسەکردنەکانم بچڕا یەکێک لە پیاوەکان هاتە ژوورەوە:

بە جامێک ئاو و سەمونێکەوە هاتە ژوورەوە، بە ساردییەکەوە سەیرێکی کردم: بچکول ماوەیەک لای ئێمە میوان دەبی، ئەو وای وت

– بە زەلیلـی و دەنگێکـی مانـدووەوە، میـوان؟ مەگەر ئاوا میوانداری دەکرێ؟ پاشان جارێکی تر بە من مەڵێ بچکۆل من ناوی خۆمم هەیە.

– بە پێکەنینەوە: ناوی خۆی هەیە نەفام.

– پێـــبکەنە ڕۆژێـــک دێـــت بـــاجی ئەو پێکەنیـــنە ناشرینانەت بدەیت، هەرگیز خراپەکاران ئاسوودە نابن.

– بۆ مەگەر من تاوانێکم کردوە؟

– نەخێر من تەنیا ڕاسپێردراوێکم.

– هەمووتـان تـاوان بـارن، کەی دەمگەڕێنـنەوە بـۆ ماڵەوە؟

– نازانم !بۆخۆت ئاقڵبە، باتووشی کێشە نەیەین تەنیا بێدەنگ بە.

چووە دەرەوە و دەرگاکەی بە توندی داخست، هێندە پیاسـەم کـرد بە ژووورەکەدا تـا تەواو مانـدوو بـووم و هێز لە جەستەم بڕا.

ئەی خوایەگیـان نە جـێگەیەک هەیە بـۆ نووسـتن نە نانێک بۆ خواردن.

ئەم قســەیە کە چەنـد جـارێ دووبـارەم دەکـردەوە بەلامەوە سەیر و نامۆ بوو هیچ ڕۆژێک لە ژیانمدا زارم ڕازێکـی وای نەدرکانـدبوو، چـونکە هەمیشـە پۆشـتە و خۆشـگوزەران بـووم، بۆسـاتێکیش بیـرم لە بـارودۆخی کەسـانی تـر جگەلە خـۆم نەکردبـووەوە، شـەوێک بەبێ

سیسەم و جێگەی شاهانە نەخەوتبووم، هیچ ئێوارەیەک بە برسێتی نەنوستبووم هەرچەندە دڵتەنگیش بووبام.

ئاخۆ ئێستا چەن منداڵی تری وەکو من لەم حاڵەدان؟ چەنـــدی تـــر؟ نە لانەیەکیـــان هەیە نە خـــواردن و پارەیەک!

ئـاخر مـن ڕۆژێکـی تەواویـش نابێت بەوجـۆرەم، ئەی ئەوانەی بە درێژایـی تەمەنیـان بەم حـاڵەوە زینـدوون؟ چــۆن ڕۆژو و شـــەو بەڕێ دەکەن؟ بە چ ئومێـــدێکەوە دەژین؟

سەیرێکی هەر لایەکی ژوورەکەم دەکرد: بێ پەنـجەرە بـوو، نەمـدەتوانی دەرەوە ببیـنم. تەنیـا بۆشـاییەکی زۆر بچوک لەسەری سەرەوەی ژوورەکەدا دروست کرابوو.

ئەویش هێندە بەرز بوو دەستم پێ ڕانەدەگەیشـت، بێ ئومێـد بــووم لە دۆزیــنەوەی ڕێگــایەکی دەربــازبوون، هێندەش ماندوو بووم: مەیلم بۆئەنجامدانی هـیچ کارێک نەبوو لە سوچێکی ژوورەکەدا پاڵم لێ دایەوە و خەوم لێکەوت.

دەنگە دەنگێکی زۆر بە خەبەری هێنام: دەنگی وەڕینـی سـەگ بـوو هێنـدە ترسـناک و سـامناک بـوو خێـرا خـۆم لولـدایە ئەو بەتـانیەی کە یەکێک لە پیاوەکـان دابوویـان بەسـەرمدا کەش و هەوای ژوورەکە هێنـدە سـارد بـوو، هەموو جەستەم سڕببوو، هەستم بە خۆم نەدەکرد.

هەرچەندە حاڵم هیچ باش نەبوو، دڵم لای ماڵەوە بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا ئـــارەزووم بـــۆ تـــاقیکردنەوەی شتەکان هەبوو هەر وا ڕاهاتبووم هەموو پێداویستی و حەزێکـــم بەبـــێ مانـــدووبوون مەیســـەر بێـــت، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە مرۆڤ تاکو ئازار نەچێژێت، ماندوو نەبێـت، بەناچـاری نـانی ڕەق و ئـاوی سـارد نەخـوات، لەسـەر زەوی خـاڵی لە نەرمـی نەخەوێت، فرمێسکەکانی بەسـەر ڕووخسـاریدا وشـک نەبێتەوە، بەدەسـتی خـۆی برینی خۆی نەپێچێت، هەست بە واتای ژیان ناکات.

بوونی ئازار تەنیا وەکو فلمێکی بێمانا دێتە بەر چـاوی و لە مانای ژیان تێناگات، وەلێ دەکرێت مرۆڤێک هەبێت و هیچ یەک لەمانەی من باسـم کـرد بەسـەری نەهاتبێت و لەمانای ژیان زۆر باشتر تێگەیشتبێت نازانم.

بەوبەیـانیە زووە دەسـتەکانیان تونـد بەسـتم و بەڕێ کەوتـین نـازانم بـۆ کـوێ بەڵام چـۆڵەوانیەکی تـاقەت پـڕوکێن بـوو نـاوە دەگەیشـتن بە دارو درەخـت جگەلەوە هیچی ترم بەدی نەکرد.

کەشـوهەوا سـاردو تەمـاوی بـوو هـیچ پرسـیارێکم لە پیاوەکـــان نەکـــرد ئەوانـــیش بێـــدەنگبوون، چـــی تـــر ئـــــارەزووی پرســــیاری زۆرم نەبــــوو دەمویســــت ڕووداوەکان بە چاوی خۆم ببینم و هەسـتیان پـێ بکەم بەو جۆرە ڕێگاکەمـان بڕی گەیشـتینە لادێیەک کە تەنیـا

چوار خانووم بەدی کرد، بەرەو یەکێک لەو خانوانە چووین.

بێ لەدەرگادان پیاوەکان بردمیانە ناو یەکێک لەو خانووانە و چووینە ژوورێکی بچووکەوە کە وادیار بوو خاوەنەکەی لە ماڵ نەبوو، منیان توند بە کورسیەکەوە بەستەوە تەنانەت دەمیشم، پەردەی ژوورکەیان دادایەوە و گڵۆپەکانیان کوژاندەوە، ماوەیەک هەر سەرەتاتکێیان بوو و دیاربوو چاوەڕێی خاوەن ماڵەکە بوون بێ ئەوەی دانیشتن و ئۆقرە بگرن دەهاتنوو دەچوون.

**(گوێگرتن لە چیرۆکی ژیانی کەسانی تر وات لێدەکات بەهێزبیت بۆ ئەوەی ئەو ژیانە هی تۆ بێت، تێیدا بژیت و ئەزموون وەربگریت، تەنانەت ڕۆڵی کارەکتەرێکیش وەربگری!).**

لەناکاو پیاوێکی پیر خۆی کرد بە ژوورەکەدا هەر لەیەکەم هاتنە ژوورەوەیدا هەستم کرد سەری سوڕما بەبینینی ئێمە، ئەوان بانگی پیرەمێردەکەیان کرد و پێم وابوو قسەی تایبەتیان هەبوو دوای هاتنەوەی بەرەو لای من هات و دەست و دەممی کردەوە هێندە میهرەبان بوو لە مرۆڤێکی خراپ نەدەچوو، منیش ڕاستەوخۆ کەوتمە پرسیارکردن لێی:

بە دەنگێکــی کــز و لاوازەوە پرســیم، مامەگیــان کەی لێرە ڕزگارم دەبێت؟ بۆ منیان ڕفاندووە بیری ماڵەوە دەکەم.

– کوڕی خۆم من هیچ زانیاریەکم نییە، تەنیا دەبێت ماوەیەک لای من میوان بیت مەترسە و ئاسوودە بە.

– چۆن زانیاریت نییە؟ ئاخر بۆچی پێم نالێییت؟

– کــوڕی خــۆم مەترســە و پرســیاری زۆریــش مەکە منــیش وەکــو تــۆی لــێ دەزانــم، دەبێــت زۆر بەباشــی ئاگادارت بم.

– بە ناچاریەکەوە ڕازی بووم بە قسەکانی، باشـە تۆ خۆتت نەناساند مامە گیان، من ناوم ئومێدە.

– منــیش نــاوم ســەعیدە کــوڕی خــۆم، دڵخۆشــم بە ناسینت.

– ئایا بە تەنیا لێرە دەژیت ؟

– بەڵێ کوڕی خۆم من هەرخۆمم تەنیای تەنیام.

– ئەی بنەمــاڵەکەت، هاوســەر، منــداڵ، هــیچ کــام لەمانەت نییە؟

– بە چــاوانێکی پــڕ حەســرەتەوە، کــوڕی خــۆم چیرۆکێکی دوور و درێژە گەر ڕێگە بدەیت، خواردنێک ئامادە دەکەم هەم نانێک پێکەوە دەخۆین دەزانم برسیت هەمیش بۆتی باس دەکەم.

منی سەعید ناو کە ڕۆژگار گەلێکی سەختم بەڕێ کردوە بە درێژایی تەمەنم سەختی و کوێرەوەری ژیانی پۆشتە کردووم، خاوەنی هاوسەرێکی میهرەبان و دوو منداڵی کەم ئەندام بووم، بارودۆخی وڵات و بەدەستهێنانی بژێوی ژیان ڕۆژ بە ڕۆژ سەختر دەبوو، تەنانەت هێندە بێدەسەڵات و کەم پارە بووین نەمان دەتوانی دەرمان و خەرجی نەخۆشی منداڵەکان بکڕین، بەیانیەک ئیتر بڕیارم دا جگەلە کاری پاککردنەوی زەوی چایخانە کارێکی تریش بکەم. چوومە بازاڕ و لەسەر شەقامەکە دانیشتم؛ ئەوێ هەر منی لێ نەبوو، عەشاماتێ بوو باسی مەکە، وەستابوون و سەرەیان گرتبوو تاکو گەر کەسێکیان نانی ئەو ڕۆژەی بکەوێتە ڕۆنەوە و بیبەن بۆ ئیشکردن و حەماڵی کردن کاتێک یەکێک دەهات بە مەبەستی بردنی کرێکار کەس نەیدەزانی کێ ڕۆشتووە و کێ ئیشی دەست کەوتوە هێندە قەرەباڵخ بوو.

کەسێک شارەزای بارودۆخی وڵات نەبووایە دەی وت قیامەتی دنیایە هاتووە! من هەر خەریکی سەیرکردنی ئەم دیمەنانە بووم، پیاوێک هاتە بەردەمم کە ڕاستەوخۆ لەبەردەمی دوکانەکەی ئەودا دانیشتبووم.

- سڵاو برا خۆ هەر دانیشتبووی دەتوانی چاوێکت لەو دوکانەکەی منیش بێت تاکو دێمەوە؟

- منێـــک کە لەبەیـــانیەوە بێکـــار دانیشـــتبووم لە چاوەڕوانی هەلێکی کارکردندا شتێک نەبوو بیکەم، ووتم بێگومان، تۆ بڕۆ خەمت نەبێت.

- زۆر باشە دەستەکانت خۆش، زوو دەگەڕێمەوە.

هەرگیـز پێشـتر کـاری فرۆشـیاریم نەکردبـوو بەڵام هێندە بە گڕو تینەوە کارم دەکرد وام دەزانـی پیشـەی چەن ساڵەم بووە .

(کـــوڕی خـــۆم مـــرۆڤ هەر هێنـــدەی کـــارەکەی خۆشویســـت، بەدڵنیـــاییەوە ســـەرکەوتودەبێت لێـــی، لە بیریشـی مەکە دڵسـۆزی و متمـانە بەخۆبـوون بەشـێکی گەورەی سەرکەوتنە لە کارەکانت) ئیتر بەوشـێوەیە هەر زوو بڕێکـی زۆری میـوە و سـەوزەکانیم فرۆشـت بە ماوەیەکی کەم کە پیاوەکە ڕوخۆشـی و گەرم و گـوڕی منی بینی پێشنیاری کاری بۆ کردم.

ئیتر لەو ڕۆژە بەدواوە لەوێ دەستم کرد بە کارکردن وەستاکەم خۆیشـی کەسێکی شـارەزا لە مـامەڵەکردن و ڕوو کراوە بوو.

مـاوەیەکی زۆر دەبـوو لەوێ کـارم دەکـرد ڕۆژێـک پیاوێک کە جل و بەرگێکی فەرمـی لەبەردا بـوو؛ خـۆی کرد بە دوکانەکەدا وای بۆ دەچووم لە چینی خانەدان و دەوڵەمەندەکان بێت، پێم سـەیر بـوو کەسێکی وا ڕووی کردوەتە دوکانێکی وا بچوک.

– پاش سڵاوکردن کە وادیار بوو زۆر حەزی بە قسەکردن نەبوو، دەکرێت وەستاکەت بانگ بکەی کارم پێیەتی؟

– لێرە نییە بەڕێزم، گەر دەتەوێ دەتوانی چاوەڕێی بکەیت ماوەیەکی کە دێتەوە.

– باشە چاوەڕێ دەکەم.

**(لەم دونیایەدا هیچ پاروە نانێك بەلاش نییە!**
**گەر نا پەنیرەکە تەڵەی نەدەویست!).**

دوای ئەوەی قسەی خۆیان کرد پیاوەکە ڕۆشت، وەستاکەم بانگی کردمە لای خۆی:

– مام سەعید بابەتێکی زۆر جدی هەیە پێویستە قسەی لەسەر بکەین.

– فەرموو وەستا گیان گوێمگرتووە.

– تۆ ناتەوێ ماڵ و منداڵەکەت خۆش بژین و داهاتویان مسۆگەر بکەیت؟

– بە دڵنیاییەکی زۆرەوە، بێگومان وەستا ئەوە ئاواتی هەموو پیاوەکانە کە ژیانێکی گونجاو و شایستە پێشکەش بە خێزانەکانیان بکەن.

– من تۆم بە کەسێکی ڕاستگۆ و دەستپاک ناسیوە بۆیە پێم خۆشە، باشترینت بۆ ببێ!

- بە دڵپـاکی و ڕوخۆشـیەوە، دەزانـم وەسـتا گیـان هەرخۆی کە لێرەم لە گەورەیی خۆتانە.

- کەواتە پێشـنیاری کـارێکم بـۆ کـردوی گەر ڕازی بیت، من و تۆش سوودمەند دەبین.

- بەڕاست چ کارێکە وەستا؟

- ئەو پیـــاوەی کە هـــاتبوو ڕاســـپێردراو بـــوو بەڕێـــــوبەرەکەی داوای کەســـــێکی دەســـــتپاک و باوەڕپێکراوی کردوە بۆ چاودێری کردنی هەندێ کۆگا، لەدەرەوەی شارە، لێرەوە دوورە.

- بەڵام بازرگانی چ کەلوپەلێک، دەکرێ زانیـاریم پێ بدەی؟

- بە شـێوەیەکی ئاسـایی قسـەی دەکـرد پێنـاچوو کـارێکی خـراپ بێـت وەڵامـی دامەوە وتـی: وەکـو تـۆ زانیـاریم هەیە تەنیـا کـارەکەی تـۆ دەزانـم ئەویـش چاودێریکردنی کۆگایە لە ئێوارەوە تاکو بەیانی.

- نازانم بۆم دەگونجێ یان نـا پێویستە ڕاوێژێک بە هاوسـەرەکەم بکەم، مـن دوو منداڵی کەم ئەندامم هەیە کە هەمیشـە پێویسـتیان بە چـاودێری مـن و دایکیـانە، چۆن بتوانم شەوان تەنهایان بکەم؟

- باشـە بەدڵـی خـۆت بـکە، بەڵام زوو وەڵامـم لـێ بگێڕەوە نەوەک کارەکە بدەن بە کەسێکی تر.

- بەیەکەوە نانمان خوارد و چاشی لێنا، ئەی تۆ چیت کرد قبووڵت کرد وایە؟

- بەڵێ کوڕی خۆم بەڵام خۆزگە هەرگیز قبووڵم نەدەکرد.

- بۆچی وادەڵێی بۆ مەگەر دەکرێ لەوە باشتر بە پارەیەکی وا زۆر و کارێکی شیاو ڕازی نەبیت؟ !

مام سەعید ئاگردانەکەی پڕ دارکرد و بارانیش هەروا بەلێزمە دەباری درێژەی بە باسەکە دا.

بڕیارەکانت دەتوانن بە تەواوی کۆنترۆڵت بکەن، دەتوانن دوو باڵی فڕینت پێ بدەن، یان هەردوو قاچت بشکێنن.

ڕازی بووم بە پێشنیاری کارەکە، بڕیاربوو بە زووترین کات ماڵمان بگوازینەوە بۆ ئەو خانوەی کە قەرار بوو بۆمان دابین بکرێت لە دەرەوەی شار گوایە نزیک کارەکەیە، ناچار بووم لە پێناو ئاسوودەیی و خەمی داهاتووی منداڵەکانم ئەو کارە هەڵبژێرم، بێگومان وەکو هەر باوکێکی تر ئامادەبووم بەخاتری خۆشبەختی منداڵەکانم ڕووبەڕووی قورسترین بەربەست ببمەوە چونکە باوکەکان کاتێک هەست بە ڕەسەنێتی باوکایەتی خۆیان دەکەن کە درێخی نەکەن لە دڵخۆشکردنی منداڵەکانیان.

ئومێدێکی زۆرم هەبوو زۆریش دڵخۆش بووین کە چیتر ناچار نین لەزستانی سارد و باران و لافاو بترسین، ئیتر بۆ هەتا هەتایە لەو خانووە کۆنەش ڕزگارمان دەبێت، بیرمدەکردەوە ئیتر منداڵەکانم نەخوێندەوار نابن و نایەڵم وەکو خۆم بە کوێرەوەری ژیان بکەن، دەمەویّ بە جوانترین و خۆشترین شێواز بژین، (هەموو دایک و باوکێکی ڕاستەقینە ئاوات و خەونی لە بن نەهاتویانە کە داهاتووی ڕۆڵەکانیان پرشنگدار بێت و زۆر باشتر بن لە خۆیان، ئاگادار بە ئومێد دایکی و باوکی ڕاستەقینە ئەڵێم چونکە ئەبینم هەموو کەسێک شایەنی ئەوە نییە پێی بڵێی دایک و باوک، لەم ڕۆژانەدا بەداخەوە زۆربەی منداڵەکان بەرەڵای شەقامن و بیّ دایک و باوکن!)، وەستاکەم بڕێک پارەی پێدام تاکو بتوانم ئوتۆمبیلێک بە کریّ بگرم بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکانمان، هەروەها موبایلێکیشی بۆ کڕیم تا بەتەواوی ئاگاداری یەکدی بین.

هەموومان بۆ کۆتا جار ماڵ ئاواییمان لەو گەڕەک و خانوە کرد و بەڕێکەوتین بەرەو کویّ نازانم؟ بەرەو شوێنێک داهاتوویەکی نادیار؟

- بەسەرسامیەکی زۆرەوە لەهەمانکاتدا دڵتەنگ، داهاتوویەکی نادیار!؟ نادیار بۆچی؟

– ئاخر کوڕی خۆم وتەیەکی کۆنی باو وباپیرانمان هەیە کە دەڵێت: (دەنگی دەهۆڵ، لە دوور خۆشە).

ئەو کارە ئەو شوێنە ئەسڵەن ئەو خەیاڵە نەبوو کە من لەمێشکی خۆمدا نەخشەکێشم کردبوو.

ئێستا با جێگای نووستنت بۆ ئامادە بکەم، وابزانم دەبێ بنووی زۆر ماندویت.

– بە کونجوکۆڵیەکەوە، نەخێر من خەوم نایا، هەتا بۆم باس نەکەی چۆن و چی ڕوویدا مەحاڵە بنووم.

– کوڕی خۆم سروشتی مرۆڤ بەوجۆرەیە هەتا خۆی کارێک ئەنجام نەدات ئەنجامەکەی نەبینێ، هەستی پێ نەکات و لە ناو بارودۆخەکەدا نەکوڵێ تێناگات نا !!، گەرچی تاکوبەیانی پێی بڵێیت ئەوە خراپە! دڵنیابە ناچێ بە گوێیـــــــــــدا و لەهەر بارودۆخێکــــــــــدا حەزی بە تاقیکردنەوەی ئەوشتەیە کە پێی دەڵێن خراپە و هەمیشە لەهەلێک دەگەڕێت.

ئەسڵەن مرۆڤی وا هەیە خراپەکە تاقیدەکاتەوە و هێشتاش نکوڵی لە خراپ بوونی دەکات!

– بە تامەزرۆییەوە، هێشتا تێناگەم، تکایە ڕوونتر باسی ڕووداوەکان بکە.

– باشە گوێ بگرە بەلاَم سەرەتا دەبێت دەرمانەکانم بخۆم.

گواستنەوەی ماڵەکەمان ئاسان نەبوو چەندین کاتژمێر لە ناو ئوتۆمبێلدا بووین و ڕێگاکە سەخت و دوور بوو.

تێ نەدەگەیشتم بۆچی هێندە درێژەی کێشا و هێندە دوور بوو. هەرچۆنێک بێت دڵمان پڕ بوو لە ئومێد و گەشبینی ئیتر بارودۆخمان وەکو ڕابردوو نابێت ئەمە مـن و خێـزان و تەنـانەت منداڵەکانیشـی دڵخـۆش کردبووین.

وەختی گەیشتن نزیک بووەوە لەو شوێنە، جگە لە چۆڵەوانی و نزیک لە لادێیەکی بچوک هیچی تری لێ نەبوو.

ژمارەیەک کابینە دانرابوون ڕێک لە قەراغی ڕێگاکە بوو، هەر لەوێ کەلوپەلەکانمان پێ داگیرا و شوفێرەکە دڵنیای کردینەوە کە ئەمە ئەو شوێنەیە کە پێویستە لێی بین و لێی بمێنینەوە.

دوودڵ و نیگەران بووین لە قسەکانی وەستاکەم ئەو وتی کە خانوتان بۆ دابینکراوە کەچی ئەو کابینانە دانرابوون بۆمان!

- بە نیگەرانیەکی زۆرەوە، کاکی شوفێر تۆ دڵنیای کە ئێرەیە؟

- بەدڵنیاییەوە بەڕێزم ئێرەیە، هێندەش نیگەران مەبن، وەستاکەت پێی وتم کە دوو ڕۆژێکی تر سەردانتان دەکات.

- هەستی بە پەشیمانی و تاوان دەکرد کە بارودۆخی منداڵ و خێزانەکەی سەختتر کرد، مرۆڤ گەر قەناعەتی نەبوو، ئەوا هیچ کاتێ ناتوانێت بگات بە خۆشبەختی! لە دڵی خۆمدا دەموت: ئاخر لەم شوێنە چۆڵ و بێدەرەتانە چۆن بەرگە دەگرین؟

شوفێرەکە ڕۆشت و ئێمەش بەتەنیا ماینەوە کەل و پەلەکانمان پێکەوە ڕێکخست و بەناچاری یەکەم شەوی غەریبی میوانداری کردین.

بۆ سبەی بە دەنگی هاوسەرەکەم خەبەرم بوەوە پێی ووتم: کچەکەمان تایەکی زۆر بەرزی گردتوە، ناتوانم دایبەزێنم پەیوەندی بە کەسێکەوە بکە.

موبایلەکەش لە بێشەحنیدا کوژابووەوە.

- بە تامەزرۆییەوە، ئەی چیتان کرد یانی هەروا دەستەوەستان دانیشتن؟ ئەی کەسێک نەبوو یارمەتیتان بدات؟

- هەندێکجار مرۆڤ دەگاتە ڕێگەیەک کە تەواو بێ ئومێد دەبێت، پێی وایە کۆتایی ڕێگەکەیە، پێی وایە ئیتر هیچ ڕێگە و پەنجەرەیەک نییە بۆ ڕزگاربوون.

- ڕاستە مامەگیان ئەوکاتەی منیان ڕفاند پێم وابوو ئیتر ناژیم و دەمکوژن، زۆرترسام، بەڵام ئەوەتا ئێستا لای تۆم دڵپڕ ئومێدیشم کە ڕۆژێک دێت دەگەڕێمەوە ماڵەوە.

– بە زەردەخەنەیەکەوە، منـدالێکی چەنـد جیـاواز و گەشبینی ئومێد.

– بە متمـانە بەخۆبـوونێکەوە، ڕاسـتدەکەی، چـونکی دایکم هەمیشە پێی وتوم دەرد هەبێت دەرمانیش دەبێت، وەک چـۆن شـەو و ڕۆژیـش هەیە و تەنیـا دەبێـت متمانەت بە خودا هەبێت، ئەو ئێمەی زۆر خۆش دەوێت.

– ڕاستە وادیارە دایکت زۆر باوەڕدارە، ئێستا بخەوە پێم وایە بۆ ئەمشەو ئەوەندە بەسە.

– بـۆ سـاتێک بێـدەنگ بـوو، بەڵـێ دایکـم هەنـدێک ئـارامگر و بـاوەڕدارە، دەزانـی مـن ڕانەهـاتووم لەشوێنێکی وا تەخت لەسەر زەوی بخەوم؟

– بەپێکەنینـێکەوە بەڵـێ دەزانـم کـوڕی خـۆم دەبێـت چیتـر ڕابێیـت، ژیـان بەردەوام لە گۆڕانـدایە و پێویسـتە مـرۆڤ چەشـنی ئـاو بێـت، لە نـاو هەمـوو دەفرێکـی جیاوازدا ئۆقرە بگرێ.

– تێناگەم مامە گیان واتە چۆن؟

– ئـاڵۆزی مەکە لەخـۆت واتە دەبێـت خـۆت لەگەڵ هەموو بارودۆخێکدا بگونجێنیت باشە ئەزیزی مامە؟

– تـۆ ڕاسـتدەکەیت مـن زۆر دەمـێکە حەزم بە تـاقیکردنەوەی ژیـانێکە دووربێت لە لاسـایی کـردنەوە، دووربێت لە تەمبەڵی.

- ئـافەرین کـوڕی خـۆم، بنـوو سـبەی کـاری زۆرم هەیە لەگەڵ خۆم دەتبەمە ناوباخەکە.

- بەڕاسـت؟ زۆر خۆشـە بەڵام بـۆ تـۆ خـراپ نابێـت گەر بـزانن منـت ئـازاد کـردوە و پەتەکـانی دەسـتمت کردوەتەوە؟

- بەڵـێ زۆریـش خـراپ دەبێـت گەربـزانن، بەڵام مـن متمانەم پێتە دەی شەوشاد.

بۆنی چا کە تەواوی ژوورەکەی پڕ کردبوو، خەبەری کـردمەوە، دوای ئەو هەمـوو مانـدووبوون و تـرس و دڵتەنگیـیە بـۆ یەکەمجـار لە مـاڵێکی تـر خەبەرم بـۆوە ژوورەکە گەرم کرابـوو بە زۆپـای دار، مـام سـەعیدیش چووبـــووە دەرەوە کەش و هەوای دەرەوە خۆرەتـــاو بوو.

وردە وردە ســـــەوزایی و دەرکەوتنـــــی گـــــوڵە بەیبوونەکان پشتی زستان و سەختیان شکاندبوو.

بـڕوام وابـوو دوای هەمـوو گریـان و دڵتەنگیـیەک پێکەنین و دڵخۆشیەک بوونی هەیە، دڵ پڕ ئومێد بووم کە جارێکی تر دایکم و ماڵەوە ببینمەوە، هەرکاتێک مام سـەعید بیزانیـایە دڵ تەنگبـووم بـۆ مـاڵەوە دەیـوت: (مرۆڤێک بە ڕۆح خوا بناسێت هەرگیز بێ ئومێد نابێت، هەتـا لە ژیانـا بێت و دڵـی لێبدا، سـیەکانی پێشـوازی لە هەناسەکان بکات بێ ئومێد نابێت، هەمیشـە بڕێکی زۆر

کەمـیش بێـت ئومێـدی هەیە بە بـاش بـوون و ڕزگـار بوون).

سروشـتی مـرۆڤ وایە تـا بـوونی هەبێت پەلەقـاژەی مـانەوە دەکـات. لەگەڵ تێپەڕینـی ڕۆژەکانـدا مـن و ئەم ووتەیەی مام سەعید زیاتر دەبووینە هاوڕێ.

**(دەرئەنجامی هەڵەکان، لە ئەنجامدانی بڕیارێکی هەڵەی خۆمانەوەیە!)**

مـن بەتەواوی بێـزار بووبـووم لەو جـۆرە کـارەی کە هەر لەسەرەتاوە بەڵێنیان تێدا شکاند، پێم وابوو گەرچی ئەم کـارە پـارەکەی زۆر زیـاتر بـوو لە ئیشـی نـاو دوکـانەکە، بەڵام وادیـار نیـیە پـوختە و گونجـاو بێـت، بەچیا بزانم ئاوا ئەسیر و سەرگەردان دەبین؟

**(هەندێکجار مرۆڤ کاری وادەکات،**
**خۆشی تێناگات چۆن کردویەتی)**

هیچ ئۆتۆمبێلێک یان کەسێک بەوێدا گوزەری نەدەکرد تـا داوای یـارمەتی بکەیـن، هـیچ خـانویەکیش نزیکـی کابینەکان نەبوو.

لادێکەش زۆر دووربوو نەدەکرا خێزان و منداڵەکانم بە تەنیا جێبهێڵم.

کچەکەم حاڵی زۆر خراپ بوو، پاش هەوڵدانێکی زۆر توانیمـــان کەمێــک لە تـــایەکەی دابەزێنـــین، بەڵێـــنم بە هاوسەرەکەمدا کە هەموو شتێک باش دەبێت تەنیا دەبێ ئارام بگرین بەڵکو بەیانی وەستاکەم دێت بۆ ئێرە پێی دەڵێم کە دەمەوێ واز لەو کارە بهێنم و نامەوێ.

من پەشیمان بووم کاری ناو دوکانەکەم جێهێشت بۆ دوو دینـاری زیـاتر ژیـانی خێـزانەکەم سـەخت تـر کـرد، مـرۆڤ گەر بیزانیبـایە قەنـاعەت چەن گەورەیە؛ بێشـک دەیزانی خاوەنی چ گەورە سامانێکە.

ڕۆژێـک هەر وا تێپەڕی، خواردنیشـمان کەم لا مـابوو کات نزیکی چێشتەنگاو بوو لە دەرگا درا پیاوێکی ڕیش سـپی بـوو جلێکـی جـوانی ڕەسـەنی ئەو نـاوچەیەی پۆشـیبوو، مانـدوو دیـار بـوو ووتـی کە مـاڵم لەوسـەری لادێـکەیە و هـاتووم تـا بـزانم کابینەکـان کێـی تێـدا نیشتەجێ بووە، چونکە موڵکی حوکمەتە و بڕوا ناکەم وا ئاسان ڕێگابدرێت بەکاربهێنرێن.

- سلام علیک ڕۆڵە ئێوە کێن؟ لێرە چی دەکەن؟

- بەخێربێـــی مامەگیـــان فەرمـــوو وەرە ژوورەوە، ڕاسـتیەکەی بـۆ مەبەسـتی کـار هـاتووینەتە ئێـرە قەرار

وایە هەر لێرەش بمێنینەوە، بەڵام شوێنێکی گونجاو نییە نە کارەبا هەیە نە ئاوی پێویست.

- بە سەرسوڕمانەوە، چۆن دەبێ کوڕی خۆم چ کارێکە ئاوا لێرە دوورە پەرێز بوون؟

- بە بێزاریەکەوە، لەڕاستیدا خودی خۆشم نازانم چ کارێکە!

- بەهەرحاڵ کوڕی خۆم من ناوم سلێمانەو خەریکی شوانێتیم، ماڵم لەوسەری لادێکەیە بە تەنیا دەژیم خانوویەکی چۆڵم هەیە، دەتوانن بێنە ئەوێ بژین گەر شوێنەکەتان بەدڵ نەبوو.

پێشنیارەکەیم بە گونجاو زانی و پێم وت: هەرکاتێک بڕیاری مانەوە بدەین ئاگادارت دەکەینەوە، ژمارەی خۆی پێدام و ڕۆشت پیاوێکی تا بڵێی بەبەزەیی و دڵکراوە دیار بوو، ئاسوودەبووم دڵنیابوومەوە کە هێشتا مرۆڤی ئاوا چاک ماوە، یەکێک لە جوانیەکانی ئەم دونیا جەنجاڵە بوونی ئەو جۆرە مرۆڤانەن لە خۆ بردوو خێرخوازن.

بۆ سبەی مام سلێمان خواردنی بۆهێنابووین، هەرواخەریکی قسەکردن بووین، ئوتومبێلێک بەرەو کابینەکە هات هەرزوو زانیم کە وەستاکەمە پاش دوو ڕۆژ لەوەی کە ئێمەی ئاوارە و سەرگەردان کردبوو، هات لەگەڵ مام سلێماندا بەخێرهاتنیمان کرد.

پــێم وت (منــداڵەکان خەوتــوون تەنیــا دەتــوانین لە دەرەوە گفتوگۆ بکەین).

وەستاکەم زۆر بەباشی دەیزانی چەن لێی پەستم بۆیە چیم بووتایە تێدەگەیشت و بە ئاماژە پێی وتم کە دەبێ تەنیا قسەبکەین.

مام سلێمانیش وتی کە دەڕۆم و خوا حافیزی کرد و ڕۆشـــت، دڵنیـــا بـــووم کەتێگەیشـــتبوو لە ئامـــاژەی وەستاکەم.

- بە متمانە بەخۆبوونێکەوە، هیچ ڕوونکردنەوەیەکم ناوێ وەستا بڕیارمان داوە بڕۆینەوە بۆ شار، من واز لەم کارە دەهێنم.

- خـۆی نزیـک کـردەوە، بڕیـاری پەلە مەدە سـبەی هەموو پێویستەکانتان جێبەجێ دەکرێ کارەبا و ئاو.

- ئاخر تۆ نازانی لێرە چ باسە؟

کچەکەم تا سنووری مردن چوو، ئێوە بەهـیچ جۆرێ هێنـدەی مـام سـلێمان ئاگـاداری ئێمە نەبـوون، خـۆ ئەو نەبووایە خواردنیشمان نەمابوو!

- لە کاتێکـدا دەسـتەکانی تونـد گوشـیم سـەیرێکی کـردم، سـەعید تێـدەگەم بەڵام ئەمە سـەرەتایە و هەروا دەبێ پێویستە ئارام بگرن تا جێگیردەبن.

هەرچۆنێک بێت منی ڕازی کرد بەوەی واز لەکارەکە نەهێنم و هەموو شت باش دەبێ.

پێم وت کە مام سلێمان پێشنیاری بۆ کردووین بچینە خانوە کۆنەکەی ئەو.

وەستاکەشم زۆر پێی گونجاو بوو ئەوەشی وت کە پێویستە متمانەی پێ نەکەیت، ڕوونیشی نەکردەوە بۆ دەبێ متمانە نەکەم!.

ماڵمان گواستەوە بۆ خانوە چۆڵەکەی مام سلێمان.

- بە دڵخۆشیەکەوە، هێی کەواتە ڕزگارتان بوو لەو کابینە ناخۆشانە؟

- نامەوێ چیتر باسی ئەم ڕووداوانە بکەم، ڕاستە چەندین ساڵ تێ پەڕیوە، بەڵام بۆ من هەر برینێکی نوێن؛ هەموو ڕۆژێ تازەتر دەبنەوە.

- چەن سەیرە! بۆچی مامەگیان، مەگەر دەکرێ مرۆڤ هێندە بێزاری ژیان بێت و دڵی لە لێدان بکەوێت پێش مردنی؟

- کوڕی خۆم بەدڵنیاییەوە هەندێ ڕووداوی ڕابردو دەکرێ ببێتە هۆی کوشتنت.

هەندێ کەس کە لە ژیانماندا بوون دەکرێت نەبوونیان سەرگەردانت بکەن، سەیر نییە تۆ جارێ زۆر بچوکی تا لەوانە تێبگەی.

- ویستی بابەتەکە بگۆڕێ، ئێ ئومێد بزانم تۆ ژیانت چۆنە؟

- بە دڵتەنگییەکەوە، ئای مامە گیان منیش کەمێک دڵیان ڕەنجاندوم، بەڵام ئەوەی سەیرە ئەوەیە ئێستا بیری ئەو کەسانە دەکەم کە وایان لێکردوم.

- تا ڕادەیەک بێزار بوو لەم قسە غەمبارانەی نێوان خۆم و خۆی، ئەوەی گرنگە تۆی ئومێد خۆتی بەهێز بە، ئەی ئاواتی ئەم کوڕە بچوکەمان چییە؟

- کاتێک گوێی لەوە بوو، بەڵێ ئاواتم زۆرە مامە گیان، دەمەوێ گەشتی زۆر بکەم و دەمەوێ ببمە فڕۆکەوان.

- ئافەرین کوڕی خۆم دەبیت.. دەبیت دڵنیام پێی دەگەیت.

زۆرم لێکرد تاکو ڕووداوەکانی تریش باس بکات، هەرچۆنێک بوو ڕازی بوو، بەڵام پێی وتم کە دەمم نەکەمەوە منیش بەڵێنم پێدا.

کەلوپەلەکانمان ڕێکخست و دەستم کرد بە کارکردن، چەرخی ڕۆژگار نەدەوەستا دڵخۆشبووین سەرباری ئەوەی خانوەکە هی خۆمان نەبوو، بەڵام هەر زوو درکمان بە باشی مام سلێمان کرد کە کەسێکی زۆر بەخشندە و دەستپاک بوو.

هەرچەندە زۆریش بە تەمەندا چووبوو، بەڵام جار جار باسی هاوژینە کۆچکردووەکەی و ژیانە پڕ قەناعەت و نارەحەتیەکانی خۆیانی دەکرد ئەوانەی

هێشــتا لەبیــر مــابوون کە دەمپرســی چــۆن لەیــادت نەکـردون لەوەڵامـدا دەیـوت مـرۆڤ هەرگیـز یادگـاریە خۆشـەکانی ژیـانی، ئەوشـتانەی کە عاشـقی بـووە لەیـاد ناکات.

هەرچەندە تەمەنێکی زۆریان هەبێت و کاتێکی زۆریـان بەســـــەردا چووبێـــــت، ســـــەرباری ئەمەش هێشـــــتا خۆشەویستتر و بە حورمەتتر دەبن.

کاتێک هەستی دەکرد خەم دەخۆم و بابەتێک مێشکی داگیر کردوم، پێی دەوتم:

ژیان وەکو منداڵ وایە گەر بەڕوویدا پێبکەنی ئەویش زەردەخەنەت بــۆ دەکــات و گەر بەڕوویــدا گرژومــۆن بیت؛ بەدڵنیـایەوە دەگری و تـوڕە دەبێت، چـونکە ژیـان خۆ گونجاندنە، هەوڵدانە و لە هەمووی گرنگتر مانەوەیە بە بەهێزی و هەبـوونی دڵێکـی پڕ ئومێد، پیـاوێکی زۆر ئەرێنی و گەشبین بوو.

هەمــوو ئەم قســانەی مــام سـلێمان هەرچەنـدە بـۆم دووبــارە بــوون، بەڵام جــار لەدوای جــار دڵــدانەوە و پاڵپشتیەک بوو، گڕ و تینی زیاتری پێ دەبەخشیم.

دەسـتم بە کـارەکە کـرد، هەر مـن نەبـووم زۆربـووین، شەوانە پاسەوانی ژمارەیەکی زۆر لە کۆگامان دەکرد.

ئەوەی لەســەر ئــێمە پێویســت بــوو؛ تەنیــا پاســەوانی کـردن بـوو نەک دەسـتدان لە کەلوپەلەکـانی کۆگـا یـان

بارکردن و هێنانی لە کاتێکی زۆر ناچاری نەبووایە بانگی ئێمەیان نەدەکرد ئەو پیاوانەی لەوێ لەگەڵ من ئەم کارەیان دەکرد بە شێوە و ڕەفتار هیچیان وەک من نەبوون، زۆربەی جار ڕەنگ زەرد و بێتاقەت بوون.

شەوانیش لەبری وەستان بە پێوە یان ئەنجامدانی ئەرکەکانیان پێکەوە کۆ دەبوونەوە و خەریکی یاری دەبوون و دەشیان خواردەوە!

تەنانەت ناوی ڕاستەقینەی یەکترمان نەدەزانی، چونکی هەر یەکێکمان نازناوێکمان هەبوو، ئاخر چ کارێک ئەوە دەهێنێ تەنانەت ناوتیشی بۆ بگۆڕی؟

بەڵام درکم بەوە کردبوو کە ئەو کەلوپەلانەی دەهێنرانە کۆگا و ژێر زەمینەکان زۆربەیان پاکەتی گەورە و توند پێچراوبوون بەجۆرێک لە بەرزترین شوێنی بارهەڵگرەکە بەربوونایەتەوە دەنگییان نەدەهات، جیا لەوانەش تایەی ئوتومبێل و بەرمیل و کەرەستەی زیادە بوون.

من و هاوسەرەکەم پێشتر ڕێککەوتبووین هەر کە پارەی پێویست بێتە دەستمان کارێکی تر دەکەم و واز لەوکارە دەهێنم کە پارەیەکی زۆرمان پێ دەدرا بەبەراورد بە ماندووبوونمان، لە ڕاستیدا ناچار بووم ئەگینا بۆ یەک چرکەش ئاسوودە نەبووم، هەندێکجار مرۆڤ هەندێک کار دەکات کە خۆشی باوەڕی پێی نییە،

من بەو جۆرە بووم نازانم ئاخۆ بێجگە لەو کارە چیترم دەتوانی بۆ ئەنجامدان لەو کاتەدا.

**(کات باوکی سەلماندنە و بێشك هەموو ناڕوونییەکمان بۆ ڕوون دەکاتەوە).**

یەکێک لە شەوەکان وەکو سیفەتی هەمیشەیی وەرزی زستان کەش و هەوا زۆر سارد بوو، منیش بە پێوە وەستابووم هەندێ لە هاوپیشەکانم وەکو کاری هەمیشەیی خۆیان دانیشتن و ئاگریان کردەوە قسە و باس و یاری بووە، دەستپێکی دانیشتنەکەیان ئەوان گوێیان بە مکوڕی کارەکەیان نەدەدا وا پێدەچوو ڕاهاتبن، زۆرکات پێیان دەوتم: تۆ تازەی بۆیە تامەزرۆ و مکوڕی ماوەیەکی کە وەک ئێمەت لێدێ.

لەڕاستیدا من ئەو قسانەم پێناخۆش بوو. مەگەر دەکرێ مرۆڤ ئاسوودە بێت کاتێک بەتەواوی خەریکی فێڵکردن لە خۆیەتی؟ !

بانگی منیشیان کردە لای خۆیان تا خۆم گەرم کەمەوە ڕاستیەکەی برێک پشووم دا و هەوڵم دەدا لە قسەکانیان تێبگەم هێندەیان خواردبووەوە ئەوەی لەدەمیان دەهاتە دەرەوە نەیاندەبیست، یەکێکیان کە لەهەموویان بەتەمەنتر دەهاتە پێش چاو، لەناکاو

هەستایە سەر پێ و ئەمەی دەوتەوە؛ من پاشای ئێرەم، من پاشای کریستاڵم ... من ... من!

ئەم قسانەی کابرا بەشێوەیەکی زۆر سەیر و خێرا منیان پەلکێشی بیرکردنەوە کرد بۆ دڵنیاییم لێیم پرسی :ئەوە تۆ باسی چی دەکەیت خۆ ئاگات لەخۆت نییە! ئەوانی دیکەیش هەمان شتیان لەدوای ئەو دەوتەوە.

من بەردەوام پرسیارم لێدەکردن ئەوانیش تێکڕا دەیانوت: (تۆ ئاگات لەخۆت نییە، بێ ئەوەی ئاگادار بن هەموو نهێنیەکیان درکاند سەبارەت بە کارەکەکەمان).

هێندە زۆریان خواردبووەوە بەردەوام بوون لە قسەکردن، تەنیا ئەو قسانەشیان دووبارە دەکردەوە، منیش کە بەتەواوی سەرسام بووم هەستامە سەر پێ و کەوتمە قسەکردن لەگەڵ خۆم.

تێگەیشتم بەڵێ تێگەیشتم کە چ کارێک دەکەم بە وەڵامی ئەو پرسیارە گەیشتم کە دەمێکە وێڵی بووم.

خەریکی کۆکردنەوەی پارەی حەرامم بۆ خۆم و خێزانەکەم،

بەڵێ..

خەریکم دانە بەدانەی گەنجەکانی وڵات دەکوژم، خەریکم ماڵی تازە هاوسەرەکان وێران دەکەم .

خەریکم پاسەوانی بۆ تلیاک و حەشیش فرۆشەکان دەکەم.

خەریکم نۆکەری بۆ بازرگانە برسیەکان دەکەم کە هەرگیز گیرفانیان پڕ نابێت .

بۆ ئەو کەسانە نۆکەری دەکەم کە ڕێککەوتوون گەنجە بێکار و بێچارەکانی سەرشەقام و نیشتیمانەکەم کاول بکەم، بێچارەتر و ماڵ وێرانتریان بکەم.

تاوانە ئەمانە ناوی مرۆڤیان لێ بنێیت تەنیا کاریان سەرقاڵکردن و چاوبەستنی خەڵکە بە مادەی هۆشبەر و درامای بێسەر و بەر و کەناڵی بێ ڕێباز و بنەما، چۆن لەخۆم ببوورم؟

نا هەرگیز! نا نا ... لەخۆم نابوورم، منیش بەقەد ئەوان تاوانبارم.

بەتەواوی مێشکم ئاڵۆز و پڕ بیرکردنەوە بوو، نەمدەزانی چۆن ئەو هەموو ماوەیە ڕاستیەکانم نەبینیووە؟ ئاخر چۆن کوێر بووم چۆن؟

هێندە هەستم بە شەرمەزاری و ڕسوایی خودی خۆم دەکرد: دوو دڵ بووم لەوەی چیتر ڕێگە بەخۆم بدەم بژیم، بە من بوایە زەوی شەق ببات و قووتم بدات.

**(سەختترین کاتەکانی مرۆڤ ئەو کاتانەن کە ئیتر بەتەواوی ڕووخساری درندەیی و خراپی خودی خۆی بۆ دەرەکەوێت).**

ئـــای خـــودایە پیـــاوم دەویَ بەرگەی بینینـــی ئەو ڕووخسارە ڕسوایە بگریَ.

هەروا لەگەڵ خۆمدا قسەم دەکرد؛ چۆن بتوانم ئیتر سەیری هاوسەر و منداڵەکانم بکەم؟ چۆن پێیان بڵێم کە باوکتـــان خەریکـــی کـــارێکی قێـــزەونە، ئـــاخر بە چ ڕوویەکەوە بیڵێم؟

(ئاهــ ســەعید تــۆ کەی ئەوەنــدەش دڕنــدە و پــیس بوویت؟ کەی پارە و ماڵی دونیا مەستیان کردی؟!)

بەڵام ڕاستترین کارێک کە پێویستە ئەنجامی بدەم ئەوەیە دەســـت لە کـــارەکە هەڵگـــرم و بەتەواوی دەســـتبەرداری بـــم، چـــونکە پەشـــیمان بـــوونەوە لە ئەنجامدانی کاری خراپە بەقەد بەردەوام بوون لەسەر ئەنجامدانی کاری چاکە گرنگە.

- کە خەریکی پاککردنەوەی ژوورەکەی خۆم و مام سەعید بووم، بەدەم ئیشکردنەوە، کارێکی زۆر باشت کردوە بە دڵنیایەوە ئەنجامدانی کاری خراپ هەمیشە ئەنجامی هەڵە و خراپی دەبێت.

- دوو بۆ سیَ داری هەڵدایە ناو ئاگردانەکەوە، پێم وابـــوو زۆر مانـــدوە چاوەکـــانی دەیانویســـت بگـــرین گریـانێکی منـداڵانە، پـێم وابـیَ تەمەنـی ڕێـگەی نەدەدا دەری ببڕێت.

پاشـــان لە دڵــی خۆمــدا دەمــوت: (ئــاخر گریــان چ پەیوەنـدی بە تەمەنەوە هەیە، هەرکـاتێ فرمێسـک هـات ناپرسێ خەمی کام وێستگەم هەڵگرتوە و دێ، من وام هەست دەکرد چاوەکانی پڕن لە ڕاز و نیاز، پڕن لەقسـە و دەردە دڵ ڕووی کردە من:

کـوڕی خـۆم کاتێـک مـرۆڤ دێـتە دونیـاوە دەبێـت بزانێـت چەن پیـرۆز و پـاکە دەبێـت دڵنیابێـت کە خـودا ئەوی بە پیرۆز و بەهێز زانیوە بۆیە مەودای هـاتنە دنیـا و ژیـانی پـێ داوە، دەبێــت ئەو متمــانە پــاکەی خــودا لەدەسـت نەدات دەسـت بـداتە کـارێکی خـراپ و پـڕ خـۆ ویستی، دەبێت دڵنیابێت لەوەی کە تۆوی خـراپە لەهـیچ خـاکێکی پـاک و پیـرۆزدا نـاڕوێ، دەبێت بزانێت هەمـوو کار و پیشـەیەک شایەنی ئەوە نییە هەناسەی بۆ بـدەیت، هەندێ پیشە مردنی دەوێ مردن.

- بە تــامەزرۆییەوە بەردەوام بــووم لە گــوێگردن، باشە مامەگیان ئەی دواتر چێ ڕووی دا؟

ئەو ڕووداوەی کە هەرگیز چاوەڕێی ڕوودانی نەبووم دوای ئەوەی ئەو ڕاسـتیە تـاڵەم بـۆ دەرکەوت بـێ دوو دڵــی ئەو شــوێنەم بەجێهێشــت بــۆ هەتــا.. هەتــایە، بەڕێکەوتـم بـۆ مـاڵەوە بەدەم ڕێگـاوە و لەدڵـی خۆمـدا دەمگوت؛ هەمـوو شـتێک بەهاوسـەرەکەم دەڵـێم و چیتـر ئەو کـارە نـاکەم دڵنیـام دەمبـورێ، ئەو کەسـێکی زۆر

میهرەبانە، کاتێک گەیشمە بەردەم دەرگاکە هەستێکی زۆر سەیرم هەبوو وەک بڵێی درەنگ کەوتبێتم، وەک بڵێی دەنگێک ویستبێتی بانگم بکات و هاوارێک بکات، بەڵام نەیتوانیبێت، تەق، تەق، تەق، کەس نەبوو دەرگا بکاتەوە دوو دڵ و پەشۆکاو بووم دەترسام ڕووداوێک ڕوویدابێت.

خۆم بۆنەگیرا و دەرگاکەم شکاند ئاخ، ئاخ چیم بینی خۆزگە فریشتەکە ڕوحی منیشی دەبردە ئاسمان، خۆزگە.. خۆزگە.. خۆزگە.

**(مردن بەوجۆرەیە وات لێدەکات چۆك دابدەی لەبەردەم کات، بۆ پێدانی هەلێکی تر، دەنگێکی تر و بینینێکی تر، تەنانەت شەڕ و دەمەقاڵێیەکی ترا!)**

ئیتر کۆتایی بەهەموو خەون و ماندووبوون و هەوڵەکانم هات، من ئەوکاتەی عاشقەکانم لەدەستدا چیتر نەژیام، هەموو دەستپێکەکان پێش دەستپێک کۆتاییان هات.

– بۆچی دەگریت مامە گیان دەتەواوی کە زۆر بەپەرۆشم چی ڕوویدا دواتر؟

– هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا چاوەکانی بەتەواوی تەڕ بوون، ئیتر چی ڕووبدات کوڕم؟ ئەوانم بۆ هەتا هەتایە لەدەست دا.

- بەسەرسامییەکەوە، زۆر بەداخەوەم بۆ ئەوە ئەی چۆن مردبوون؟

- ئەوان بەهۆی دوکەڵی ئاگردانەکەوە خنکابوون، هەرسێکیانم بۆ هەمیشە لەدەست دا .

بەیەکەوە ناشتیانم، لەتەنیشتی یەکتر هەر لەم لادێیە لە گۆڕستانەکەن، هەرکاتێک بمەوێت بیانبینم لێمەوە نزیکن.

- بە غەمبارییەوە، زۆر دڵتەنگم بۆیان.

- کوڕی خۆم، سوچی من بوو، لەخۆم خۆش نابم.

- ئەی بۆچی هێشتاش هەمان کار دەکەیت؟ بۆچی ئەمانە وازت لێناهێنن؟

- من هەمان کار ناکەم، ئەوان کە زانیان وازم لە کارەکەم هێناوە هەڕەشەیان لێکردم و پێیان وتم گەر یەک وشە بدرکێنم، خێزانەکەم واتاماڵی دایکم دەکەونە مەترسییەوە، من خەمی ڕوحی خۆم نییە، چونکە چیتر نامەوێت بژیم و بۆم گرنگ نییە، بەڵام خانەوادەکەی من بێتاوانن، بۆچی دەبێت باجی هەڵەی من بدەن؟

- ئەمانە چ مرۆڤانێکن؟

- مرۆڤ نین! بە تەواوی ناوی مرۆڤیان پیس کردوە، پێش ئەوان من پیسم کردوە، ئیتر بەوجۆرە بوو کوڕی خۆم تا مردن لەناو ئازاری ویژدان و ترسدا زیندانیم.

کاتی ڕۆیشتنە، لەو شوێنەی گۆزەکە نزیکە پڕ دەبێت.

لەم قسەوباســانەدا بــووین، درا لەدەرگــا پیاوەکــان بوون، هـاتنە ژوورەوە و بەپەلە چوونە بەردەم زۆپـای دارەکە و وادیار بوو بەفرەکە چاک سەرمای کردبوون، وابـزانم کۆتـا بەفـری زسـتان بـوو، چـونکە بەتەواوی نزیکــی بەهــار بــووین، بە مــام ســەعیدیان وت: دەبــێ بیبەین و ئامادەی بکە هەڵبەتە مەبەستیان من بوو.

بێ ئەوەی هەستی پێبکات من دەستی یەکێکیانم بینی کاتێـک دەستکێشــەکەی فڕێـدا و ویسـتی خـۆی گەرم بکاتەوە، دەستی چەپی دوو پەنجەی کەم بوو!

هەرچەندە ڕووخساریان داپۆشیبوو بەڵام ئەمە بۆ من بەس بوو بۆ ئەوەی لای پۆلیسەکان وەسفی یەکێک لە تاوانبارەکان بکەم.

مــن ناویــانم نەدەزانــی مــام ســەعیدیش نەدەبــوو بیدرکێنێ، چونکە ژیانی خۆی و خانەوادەکەی دەکەوتە مەترسیەوە.

**(هەندێجار مرۆڤ ناچار دەبێت قوربانی گەورە بدات، بۆنموونە تامردن ئازاری ویژدانی هەبێت).**

مـاوەیەکی دوورودرێـژم لەگەڵ مـام سـەعید بەڕێکـرد، نەمـدەزانی دەبێـت دڵخـۆش بـم یـان دڵتەنـگ، چـونکە دەگەڕێــمەوە مــاڵەوە، چــونکە هــاوڕێ بەتەمەنەکەم

جێدەهێڵم، هێندە لەگەڵی ڕاهاتبووم ئارەزوم دەکرد هەتا.. هەتایە پێکەوەبین و نزیکبین دڵی دەدامەوە، بەسەرهاتی بۆ دەگێڕامەوە، بەباشی ئاگادارم بوو، سەرباری ڕووداوە ناخۆشەکانی ژیانی هەمیشە گەشبین و دڵ پڕ ئومێد بوو، دڵخۆش بووم کە مرۆڤانێک هەن بەوجۆرەن، دڵیان پڕ ئومێدە و ڕوحیشیان پڕ ویژدان.

بۆ کۆتاجارماڵئاواییم لە مام سەعید کرد نەیهێشت دەستەکانی ماچ بکەم تا توانیمان یەکترمان لە باوەش کرد و پێی وتم: ئەویش دڵخۆش بووە بەهاتنم، ئەوەشی وت کە من (منداڵێکی ئارامبەخشم)، بچمە هەرشوێنێک ئاوەدانی دەکەمەوە.

نەمتوانی تەنیا بە سوپاسێک پاداشتی دڵەباشەکەی بدەمەوە، بەڵام دوعای بۆدەکەم بۆ هەمیشە دڵخۆش بێت.

# شادبوونەوە بە ڕابردوو

پیاوەکـان دەسـتی منیـان توونـد لە دواوە بەسـت و بردمیانە شوێنێکی چۆڵ، پێم وابوو تەواوبووم و کاتی مردنــی مــن هــاتووە، متمــانەم پێیــان نەبــوو کە ئــاخۆ دەمگەڕێننەوە بۆ ماڵ یانیش دەمکوژن ترسێکی زۆرم هەبوو.

گریـان و هـاواری مـن سـوودێکی نەبـوو، هەنـدێجار مرۆڤ دەکەوێتە وەها ساتێکەوە گەر بێت و بەهەموو گەرووی هــاوار بکـات، بەهەمـوو هێـزی خـۆی مشـت بوەشێنێ چ سوودی نییە، ئا ئەوساتانە تەنیا بێدەنگیان پێویستە.

نـزیکەی کاتژمێرێـک لەوێ وەسـتابووین و چـاوەڕێ بـووین ئۆتۆمبێلێک دەرکەوت ئـای خوایەگیـان، بـاوەڕم بەچاوەکانی خۆم نەدەکرد، بەڵێ باوکم بوو!

چەن سەیرە، ڕۆژانێک وام هەست دەکرد باوکم نییە، وام هەست دەکرد کە بەهیچ شێوەیەک بۆ باوکم گرنگ نییم، کەچی ئێستا هاتووە بۆ ڕزگارکردنم!

لە دڵی خۆمدا گوتم کەواتە دوور نییە ڕۆژێک بێت و ئەو مـرۆڤەی بـۆ سـاڵانێک هـاوڕێ و خۆشەویسـتتە

بتۆرێ و جانتای ماڵئاوایی لەشان بکات و بڕوات، دوور نییە ئەو مرۆڤەی سەردەمانێک دوژمنی تۆ بووە ببێتە دۆستت، هیچ کاتێک ئەستەم نییە ئازیزترین کەست ببێتە دوژمنت، زۆر ئاساییە ڕۆژێک مەعشوقەکەت بتۆرێ و بۆ تاهەتایە بڕوات و تەنیات بکات.

**(کات و ڕۆژگار کاری خۆی دەکات پێمان دەڵێت: کێ دۆستی دڵە و کێ دۆستی نەفسە بەدڵنیاییەوە مرۆڤ دەگۆڕێت و هیچ شتێك وەکو خۆی نامێنێتەوە).**

باوکم جانتایەکی ڕەشی پێ بوو، نزیک کەوتەوە و بەهەموو هێزی خۆی هەڵیدایە بەردەم پیاوەکان، منیش ڕەوانەی لای باوکم کرام توند یەکتریمان لە باوەش گرت، تا ئەو ساتەش نەمدەزانی بوونی باوک یانی چی، نەمدەزانی هەستێکی وەها خۆشە کە باوکت هەبێت.

لەمێژبوو نەمبینی بوو زۆر دڵخۆش بووم دوای ئەو هەموو دووریە لە ماڵەوە ئێستا دەتوانم ئازادبم و بگەڕێمەوە، بەڵام چۆن گەڕانەوەیەک زۆر جیاواز لە پێشتر ئەمجارە شتێکم تاقیکردبوەوە، کەمێک ئازاری دووریم تام کردبوو.

- بەخێرایی هەناسەم ئەدا؛ باوکە زۆر بیرم کردبوون، بۆچی ئەو پیاوانە منیان ڕفاندبوو؟

- بەتـــامەزرۆیی و قــوڵیەکەوە ســـەیری چاوەکــانی کردم، ئـای کـوڕی خـۆم نـازانی چەن نیگەرانـت بـووین، دڵخۆشم کە باشیت.

- بیرکردنەوەکـــــــانم سەرســـــــامی ئەنجـــــــامی بیرکردنەوەکان و ڕەفتارەکانی باوکم بوو، زۆر گۆڕاوی باوکە، دەتوانم بزانم هۆکار چییە؟

باوکم خۆی بەخەجاڵەت دەزانی نەیدەویست هۆکاری گۆڕانی خۆی بڵێت.

- نەخێر کوڕی خۆم، من پێشـتریش تـۆم زۆر خـۆش دەویست.

- باوەڕم بە قسەکانی باوکم کرد، چونکە دەمێک بوو دڵنیـــابووم لەوەی ڕەفتارەکـــانی بـــاوکم هۆکـــارگەلێکی گەورەی لە پشـــتە، هەر زوو بە دڵەپـاکەکەی خـۆم لێـی خۆش بووم دەزانم تۆ لە ناخەوە مرۆڤێکی زۆر باشیت.

- ئایـــا هـــیچ ئازارێکـــت هەیە، پێویســـتی بە بینینـــی پزیشک بێت؟

- نەخێر، باوکە ئەو پیاوانە کێ بوون؟

باوکم: دەیزانی وازی لێناهێنم:

- کوڕی خـۆم ئەوان هاوپیشـەم بـوون، مـن خەریکی یاریەکی خراپ بووم بەڵام هەر زوو پەشیمان بـوومەوە و ویژدانم نەیهێشت بەردەوام بم لەو یاریە، بۆیە هەوڵم دا یـــاریەکە تێـک بـدەم لەگەڵ سـەروەکی ئەو پیـــاوانە،

ئەوانـــیش بە زانینـــی ئەم هەوڵەی مـــن تۆیـــان کـــردە هەڕەشە تاکو بێدەنگم بکەن.

- بـۆم دەرکەوت بـاوکم تووشـی یـاریەک بـووە، هەر وەکـو یـاریەکەی مـام سـەعید ئەویـش کەوتـوەتە داوی تاوانبـــارانەوە ڕێککەوتنـــی لەگەڵ ســـەرۆکی بانـــدێکی بازرگـانی بە مـادەی هۆشـبەر کـردوە مـاوەیەک پـێکەوە کاریان کردوە.

ئێسـتا بـاوکم پەشـیمانە و ویسـتویەتی زانیاریەکانیـان ئاشکرا بکات خۆشی ڕادەستی پۆلیس بکـات، چونکە بە چاوەکانی خۆی ئەنجامی کارە هەڵەکەی خۆیـانی بینیـوە چـۆن ڕۆژ بە ڕۆژ گەنجەکـان دەکـوژن و یـاری بە ڕوح و جەســتەیان دەکەن، تەنــانەت یــاری بە داهاتووشــیان دەکەن، بەڵام پیاوەکـانی ئەو کـابرا خراپەکـارە کە پێـی دەڵێن سەروەک

بە ڕفاندن و کوشتنی من هەڕەشەیان لە باوکم کردوە بـۆیە بـاوکم دەبێـت بێـدەنگ بێـت لە پێنـاو بەســەلامەت مانەوەی من و دایکم، سـەرەڕای ئەوە داوای پارەشـیان لێ کردوە تا منی ڕادەست بکەنەوە.

ئەو ئێمەی خۆش دەوێ، ئەوەتا خەریکی قوربانی دانە بۆمان.

چیرۆکەکەی ژیانی مـام سـەعید وای لێکردم لە بـاوکم بگەم بێ ئەوەی ڕوونکردنەوەی زیادە بدات.

- باشە باوکە گیان ئێستا دەڕۆینەوە و دایکم دەبینم وایە؟

- باوکم تاڕادەیەک پێی سەیر بوو ئاوا ئاسان کۆڵم دا لە پرسیار کردن!؟

- بێگومان کوڕی خۆم، دایکت تامەزرۆ و چاوەڕێیە.

بە ڕێگاوە بووین بەرەو ماڵەوە زۆر دڵخۆش بووم، سەیرێکی باوکم کرد و وتم: (باوکە دەزانیت مرۆڤ ئەو کاتەی هەست بە هەڵەکانی خۆی دەکات هەستێکی چۆنی دەبێت؟)

باوکم بێ ئەوەی تەماشام بکات نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم: بەڵێ کوڕی خۆم دەزانم هەستێکی چۆنی دەبێت، وەک ئەوە وایە دووبارە لەدایک بێت، دووبارە چوبێتەوە ناو بازنەی کەسە ڕاستگۆکان و دووبارە بووبێتەوە بە مرۆڤ.

- هەناسەیەکی ئارام و قوڵم هەڵکێشا، ڕاستە باوکە گیان.

***

# گۆڕستانەکە

ڕێـک حەوت سـاڵ پـێش ئێسـتا بـوو، بـۆ گەشـتێکی هـاوینە چـووینە بـاکور لەگەڵ دایـک و بـاوکم، جـوانترین پلانمان دانابوو بۆ ئەو گەشـتە، وابڕیـاربوو بە درێژایی پشـووی هـاوین لەویێ بمێنیـنەوە بە هـۆی پەیوەنـدی خراپـی نێـوان دایـک و بـاوکم یەکەم جارمـان بـوو بەیەکەوە بچینە گەشت، من لە هەردووکیان دڵخۆشتر بووم چونکە دەمزانی ڕۆژانێکی تایبەت دەبن بۆ من، هەرگیـز پێشـتر بەو ڕادەیە دڵخـۆش نەبـووم بە گۆڕانکاریەکان ڕازی و خۆشحاڵ بووم، هەمیشە دڵ پڕ ئومێد بـووم کە جـارێکی تـر دایـک و بـاوکم لەبەردەمـی من دەمەقاڵێ و شەڕ ناکەن، جارێکی تر من سزا نادەن و لـێم تـوڕە نـابن جـارێکی تـر مـن نـاکەن بە قوربـانی دەمەقاڵێ و کێشەکانی نێوان خۆیان، باوکم بەڵێنی پێ دابووم کە سـواری بـاڵۆنم بکات، تەنانەت پێی وتبووم هـاوڕێم زۆرە لە فڕۆکەخـانە دەتـبەمە لای ئەوان تـاکو وردە.. ئاشنات بکەن بە خەونەکەت هاوکارت بن و ئەو شتانەت فێر بکەن کە تـایبەتن بە خولیاکەت بەڵام

هەموو ئەم خەیاڵ و پلانانە سەرەو ژێر بوون هەموو ئەو دڵخۆشییەمان زۆر کەمی خایاند هەر زوو مۆمی خۆشبەختی من تواییەوە و کۆتایی بە هەموو ئەو خۆشیانە هات کە چاوەڕێیانم دەکرد،

لە کاتی گەڕانەوەمان بۆ هۆتێلەکە تووشی ڕووداوی هاتووچۆ بووین (دایکم و باوکم) بۆ هەمیشە لەدەست دا.

پاش دوو شەو مانەوەیان لە نەخۆشخانە گیانیان سپارد و وەک باسی دەکەن، منیش بۆ ماوەیەکی زۆر بێهۆش بووم.

دکتۆرەکان بێ ئومێد ببوون لە چاکبوونەوەم، بەڵام هەروەک داپیرم دەڵێت: (گەڕانەوەم بۆ ژیان موعجیزەیەک بووە، ئێستا جگەلە یادگاریەکی کەم و خەمێکی زۆر هیچم بۆ نەماوەتەوە ئاسان نییە پاش دوانزە ساڵ هەست بە خۆشەویستی و سۆز بکەیت ئەویش لەناکاو بڕوات و نەمێنێت).

لەگەڵ داپیرم درێژەم بە ژیان دا لە لادێیکەی ئەوان.

- ئومێد.. ئومێد، مێشکت لە کوێیە ڕۆڵەگیان دەبێت گۆڕستانەکە بە جێبهێڵین و بگەڕێینەوەماڵەوە.

- بە دەنگێکی کزو لاوازەوە: داپیرە ناکرێ کەمێکی تر لێرە بمێنینەوە؟

– به دڵتەنگی و دوو چاوی تەڕەوە کە دڵی دەسووتا بۆ کۆچی ئەبەدی کوڕەکەی، کات درەنگی کردوە کوڕی خۆم، زوو زوو دێینەوە سەردانیان.

– باشە داپیرە گیان، با بڕۆین.

– پارچەیەک کاغەزی لول کراوی بەدەستەوە بوو، کوڕی خۆم دەمەوێت شتێکت پێ بڵێم:

(دایکت پێش ئەوەی وەفات بکات لە نەخۆشخانە ئەم پارچە کاغەزەی پێدام تاکو بیدەمە دەستی تۆ، چەندین ساڵە بۆیە پێم نەدایت تاکو لە نامەکە تێبگەیت).

دایکت خۆی پێی وتوم: (کاتێک پێتی بدەم بتوانی لێی تێبگەیت).

– تا ڕادەیەکی زۆر سەرسام ی کردم بە خێرایی وەرم گرت

ئای خوایە لەسەری نووسراوە وەسێت!

– پێم وابوو دەیزانی چی شتێک باسکراوە لە نامەکەدا، من دەچم دەنووم کوڕی خۆم شەوت شاد.

– بەپەلە دەستم کرد بە خوێندنەوەی نامەکە.

**وەسیێتەکە:**

سڵاوی خوات لێبێت

(کوڕی جوانم، تاقانەکەی دایکی خۆی، هۆکاری ژیانم، چەند دڵخۆشم بە بوونت لەبەر ئەوەی چیتر

خێمەی ئومێدێک هەڵنادریٚ لە سەحرای ڕوحم چیتر توانای بەردەوامیم نییە.

ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم بۆئەوە نا کە فرمێسکە گەرمەکانت بێتە سەر لێوت، نا، بەڵکو بۆ ئەوەیە تا بەهێز بیت، بەردەوام بیت، بۆ خۆت ژیانێکی نویٚ هەڵبژێرە و بەهێز و چالاک بە، هەروەک چۆن هەمیشە کوڕە زیرەک و ئارامگرەکەی من بوویت.

کوڕی خۆم لەبیرت بێت ژیان هیچ کێشەیەکی نییە، ئەوە شێوازی بیرکردنەوە و ژیانی تۆیە کێشە دروستدەکات.

ئەزیزم ڕێگە مەدە پەردەی نائومێدی ژووری خۆزگە و ئامانجەکانت تاریک بکات.

کوڕی خۆم، هەتا دەتوانی لە کەس و هاوڕێی خراپ خۆت بە دوور بگرە، چونکە ئەوان لە ژەهرێکی کوشندە زیاتر نین تەنیا تاڵیت بۆ دەهێنن.

ئەزیزی دایکت لە ژیانتدا متمانە بەهەموو کەسێک مەکە، هاوڕیٚ و دۆست و مرۆڤێکی بەوەفا بە.

شیرینەکەم، هەرگیز خەم بۆ ڕۆیشتنی ئەو کەسانە مەخۆ کە بەجێت دەهێڵن، ئەوان شایستەی بوونی تۆ نین، گەر تۆیان بەڕاستی خۆش بوویستایە هەرگیز نەدەڕۆیشتن.

باوانەکەم جاری واهەیە بوونی هەندێ مرۆڤ بۆ ژیانی ئێمە گوونجاو نییە لەبەر ئەوە نا کە ئێمە خراپین، نا، بەڵکو چونکە ئەوان شایستەی ئێمە نین.

جاری واهەیە چەندین ساڵت پێویستە تاکو درک بەم ڕاستیە بکەیت.

دەمەوێت پەردە لەسەر وەڵامی ئەو پرسیارە لابدەم کە چەندین ساڵە دەیکەیت و بەڵێنم پێت دابوو کە بۆتی باس بکەم، دەزانم تامەزرۆی وەڵامێکی باوەڕ پێ هێنیت.

من و باوکت پێش ئەوەی هاوسەرگیری بکەین تەنیا دراوسێیەک بووین هیچ پەیوەندیەکی خۆشەویستی لە نێوانمان نەبوو،

هۆکاری هاوسەرگیریەکەمان ڕووداوێک بوو کە ڕووی نەدابوو برایەکی باوکت و کاکم کە هاوڕێی چەندین ساڵە بوون، هاوڕێی منداڵی یەکتر بوون، هیچ ڕۆژێکیان بەبێ یەکتر بەڕێ نەدەکرد، وەکو هەموو کۆتایی هەفتەیەک دەچوونە شاخەوانی، بەڵام ئیتر هیچ شتێک وەک ڕابردو نەبوو، ئێوارە هات و نەگەڕانەوە هەواڵیان بۆ هێناین کە هەردووکیان تووشی ڕووداو بوون و بەربوونەتەوە.

کاکم زۆر بە خراپی بریندار دەبێت براکەی باوکیشت دەستبەجێ گیان لەدەست دەدا، کاکم ڕەوانەی

نەخۆشخانە دەکەن دوای لێپرسینەوەی پۆلیس دەڵێن ئەو بە ئەنقەست پاڵی پێوەناوە و بکوژی هاوڕێکەی خۆیەتی!

کاکم دوای چەندین ڕۆژ لە نەخۆشخانە ئەویش گیان لەدەست دەدات، وەلێ من دڵنیام ئەو کاری وای نەکردوە چونکە زۆر یەکتریان خۆشدەویست هەرگیز ناچار نەبوو کارێکی وا بکات.

ماڵی باپیرت بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و دەست ڕۆیشتووبوون ئەوان دەستبەجێ ئێمە تاوانبار دەکەن بەبێ بوونی هیچ بەڵگەیەک و ماڵی باوکیشم من وەکو قەرەبوو دەبەخشن بە باوکت.

من بوومە قوربانی دابونەریتێکی بەتاڵ واتە بەزۆر هاوسەرگیری بە ئێمە دەکەن ڕۆژانی تاڵ و سەختی ژیانی من لەیەکەم ڕۆژی هاوسەرگیریەکەمانەوە دەستی پێکرد، لەو ڕۆژەوەی کە تۆش هاتیتە دونیاوە باوکت تۆی وەکو کوڕی خۆی قبووڵ نەکرد، هەموو ئەو ڕق و کینەیە دەرئەنجامی ئەو بە هەڵە تاوانبار کردنانە بوو.

لەم دوایانەدا باوکت بۆیە ڕەفتاری گۆڕابوو، چونکە بۆی ئاشکرا ببوو کە خاڵت بکوژ نەبووە، بەڵام پاش چی؟ پاش ئەوەی بێبەشی کردم لە خۆشەویستی و

سۆزی خۆی، پاش ئەوەی تۆ بویتە قوربانی دەمەقاڵێ و کێشەکانی ئێمە.

هەرچەنـدە مـن لێـی خـۆش بـووم و ئەویـش داوای لێبـووردنی لێکـردوم، بەڵام هەرچـی بکەیـت ڕابـردو نەگۆڕە.

کـوڕی خـۆم ڕابـردو لە ڕابـردو مـایەوە تـۆ دەبێـت نمـوونەیەکی جـوانی ڕەوشـت بەرزی بیـت، دایکـت بـۆ هەمیشە شانازیت پێوە دەکات.

کۆتا قسەم بۆت هۆکاری ژیانی کەسانی تر بە
نەک تەنیا هۆکاری ژیانی ژینی خۆت.

مرۆڤانە لەوانیتر بڕوانە و هەوڵبدە دڵی هیچ مرۆڤێک بۆ هیچ شتێک نەشکێنیت.

ئەزانی بۆ ناوم نای ئومێد؟

چـونکە ئەو کـاتەی هـاتیتە دنیـاوە تـاکە هۆکـاری دڵخۆشی و ئومێدی من بوویت.

دەمزانی زیرەک و لێهاتوو، بەهێز دەبیت).

خۆشم دەوێی
دایکت: خەرامان

دوای خوێنـــدنەوەی نـــامەکەی دایکـــم: بەبـــێ ئەوەی ئاگاداربم، بەبێ ئەوەی پێی بزانم: (فرمێسکە گەرمەکان ڕوومەتە ساردەکەی منیان گەرم کردبوو).

لەڕاستیدا هەندێ ساتی ژیان، هەندێک بیرکردنەوە، هەندێ ئازار، هەندێ ڕووداو، هەندێ کەس، هەندێ و هەنـدێ و زۆرتـر بـۆ لە بیرکردنیـان پێویسـت ناکـات بخەوم، پێویست ناکات بگریم و گوێ لە مۆسیقا بگرم، پێویست ناکات هاوار بکەم و مێشکی ئەوانیتریش بە خۆمەوە سەرقاڵ و ماندو بکەم، پێویست ناکا شوێنەکە جێبهێڵم، پێویست ناکات دڵم بەردەوام لێبدات ئەم جۆرە ئازارانە مردنیان دەوێ مردن.

من کەسێکی ڕەشبین نییم بەڵام درۆم بۆ ناکرێ.

دڵتەنـگ و بەداخ بـووم، دوازدە سـاڵی ڕێـک بـوومە قوربانی شەڕ و دوژمنایەتی بێ مانای نێوان دایک و باوکم، ئەوەندە ساڵە لە خۆشەویستی و سۆزی دایک و باوکم بەدوور بووم، نەیاندەهێشت تەنانەت بەئارەزوی خۆشـم ڕەفتـار بـکەم، بەئـارەزووی خـۆم یـاری لەگەڵ هاوڕێکانم بکەم هەمیشە باوکم دەیوت: (ئەوان هەژارن و لە ئاستی تۆ دا نین!)

ئایا کەسایەتی و ڕەفتار جوانی بە جلوبەرگە؟ بە پلەو پۆستە؟ ئایا مرۆڤبوون بە پارە و سامانە؟

گەر بەو جۆرە بێت من نامەوێت یەک خولەکی تریش مرۆڤ بم، نامەوێت.

من تێنەدەگەشتم چۆن بەو جۆرە بیری دەکردەوە! بۆچی بەو شێوەیە لە ژیانی دەڕوانی؟ سەرباری کێشەکانیان بۆچی ڕێگایان دا من بێمە دونیاوە؟!

من گلەییم لە دایک و باوکی کۆچکردوم نییە، ئەوان لە ناخەوە زۆر کەسانی باش بوون حەتمەن هۆکارگەلێک وای لێکردبوون بەجۆرە ڕەفتار بکەن، ئەوانیش بوونە قوربانی...

من گلەییم لە کەلتوور و داب و نەریتی سەقەتی کۆمەڵگایە، کە دەزانن ناتوانن منداڵێک زۆر بە جوانی و بە باشی پەروەردە بکەن و پێی بگەیەنن، ئەی بۆچی دەهێڵن بێتە دونیاوە؟ ها، لەوانەیە لەبەر قسەو قەسەڵۆکی خەڵکی بووبێ منیان هێناوەتە دونیا! دڵنیام بە هاتنە دونیامەوە باوکم هیچ خۆشحاڵیەکی دەرنەبڕیوە، چونکی ئەو ستەمێکی زۆری لە من و دایکم کرد.

ئەسڵەن بۆچی دایکمیان بە زۆر داوە بە باوکم، ڕووخاندن و ناشرین کردنی داهاتووی زیندوی کەسێک چ کاریگەریەکی لەسەر ڕابردوی مردوی کەسێکەوە هەیە؟ ئەم داب و نەریتە خراپە چییە؟ نازانم لەوەش ئەچێ توڕەیی و ڕقەکەی باوکم مافی خۆی بووبێ،

بەڵام نابوایە بەوشێوەیە زاڵ بێت بەسەریدا بەجۆرێک ڕەفتار و ئاکاری خراپ بکات دڵنیام ئەوکاتانەی دایکیشم لێم تورە دەبوو، هۆکارەکەی باوکم بوو، هەرچەندە من لێیان خۆش بووم، بەڵام ئەو بۆشاییەی لە سۆزو خۆشەویستی بۆم درووست بووە بەهیچ جۆرێک پڕ نابێتەوە، ڕابردو بەجۆرێک ئازاری داوم بەهێز تر بووم لە بهێزیدا!..

ئێستا تاکە کەسێک بتوانێت داهاتووم ئومێددار بکات یاسەمینە.

زۆر دەترسم ئەویشم لەدەست بچێ و هەوار بۆ کەسێکی تر جگەلە من ئاوەدان بکاتەوە.

دەگوترێ عەشق ژیانە، جوانییە، قوربانیدانە، ئازارە، سەختییە.

ئەو کچێکی لادێکەیە دراوسێین و دەمێکە بووین بە ئاشنا، باوکی نزیکەی دوو مانگێک دەبێت کۆچی دوایی کردوە.

بەهۆی بێ دایکیەوە، تەمەنێکی لە بەدبەختی بەڕێکردوە، ئەو زۆربەی کات باسی ژیانی خۆی و ئارەزوەکانی دەکات و پێی وایە هیچ مرۆڤێک نییە لەم ژیاندا ئازار نەچێژێت و تاقی نەکرێتەوە.

ئەو توانایەکی باشی نووسینی هەیە، کەسێکی زۆر زیرەکە، هەرچەندە ئێستا وازی لە خوێندن هێناوە،

چــونکە یەکێــک لە براکــانی ڕێگــای نــادات بەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا ئاشــقی پەرتــوک و خوێنــدنەوەیە، ســوورە لەســەر بەردەوام بــوون لەســەر خوێنــدنەوە، پێــی وایە تاکە ڕێگای دەربڕینی ئازارەکانی نووسینە.

منیش حەزم بە خوێندنەوە و نووسین کردوە بەهـۆی ئەوەوە... یەکێک لە نووسینەکانی کە هەرکاتێک بزانێت بێتاقەتی ژیان بووم بەیادمی دەهێنێتەوە دەڵێت:

(ژیــانی هەریەکێکمــان جیــاوازە لەوی تــر، ئــازار و نــــارەحەتی و پەڕەی تاقیکردنەوەمــــان لەم دونیــــایەدا جیــاوازە، هەیە ســفر وەرەگــرێ و هەیە پەنجــا و هەیە هەشتا زیاتر...)

گەر بێــت و هەریەکێکمــان ئــازار و خەمەکانمــان بە نموونەی دەسرێک هەڵواسین بە درەختێکدا.

بە دڵنیاییەوە دەسرەکەی خۆمان هەڵەبژێرین!

کەس نــاتوانێ خەمــی ئەوی تــر هەڵبژێــرێ سروشــتی مــرۆڤ وایە دەڵێــت: بەس ســەرم نەیەشــێ، بەس وا و بەس وا ...هتد.

هەتا ئەتوانێ شەقێک لە نان و بەختی خۆی هەڵ ئەدا بــێ ئاگــا لەوەی هەمــوو کەســێک خــاوەن خەمــێکە کە ماندوی کردوە.

هەمیشــە شــوکرانە بژێربە کە خودا تۆی هەڵبژاردوە، تۆ تاکی تاک، بەهێزی و جیاوازی، هەرچەندە کەسمان

لە کەسمان ناچین، بەدڵنیاییەوە هەست و پێویستیەکانمان جیاوازە، هەستە و هەوڵبە پێی دەگەیت.
تۆ تۆیت کەسیتر نییە، یەکجار دەژیت، بۆیە جوان بژی!
ئەو بەم جۆرە نووسینانە منی زیاتر سەرسامی خۆی دەکردەوە، منیش بەهۆی ئەوەوە دەتوانم ئارام ببمەوە گەر بۆ کاتێکی کەمیش بێت، نووسینەکانی بە جۆرێک چێژ بەخشن لەبیر ناکرێن.
لە سەرەتای هەر دێڕێک تا کۆتایی وابەستەی خۆیت ئەکات، وات لێدەکات؛ هەست بەبوونی خۆت بکەیت، واتلێدەکات کە خۆت لە ناو وشە بە وشەی نووسینەکەیدا بدۆزیتەوە.
هەروەکو من ئازاری زۆری چەشتوە، زۆر بەباشی لێم تێدەگات،
پێم وایە ئەو مرۆڤانەی هەمان ئازاریان چەشتوە بە تەواوی نا، بەڵام بە دڵنیاییەوە زۆر بەباشی لە هەستەکانی یەکتر تێدەگەن.
زۆر بە ئاسانی لەو ڕاز و نیاز و گوفتارانە تێدەگەن کە لە ناخیاندایە، مرۆڤەکان زۆر سەیرن، هەندێجار لە خۆیانەوە بەبێ بیرکردنەوە، بەبێ بەڵگە بڕیار لەسەر هەست و بیرکردنەوە و ڕەفتاری بەرامبەر ئەدەن، هەندێجار بەبێ ئەوەی خۆیان بخەنە شوێنی بەرامبەر،

بەبــێ ئەوەی بزانێــت بەرامــبەر چ ئــازارێکی بینیــوە چ نــارەحەتی و ســەختییەکی چەشــتووە، دنیــایەک ئیهانە و قســەی ســارد و سڕ دەکــات، دنیــایەک دڵــی بەرامــبەری دەشکێنێت.

**(دەزانم کە هیچ ئازارێك وەکو ئازاری لەدەست دان نییە).**

ئەو کاتەی کە هەست دەکەیت ئەو شتەی کە هی تۆیە دەڕوات و نــابێتە نســیبی تــۆ، ئەو کــاتەی واهەســت دەکەیــت تــاکە هۆکــاری مــانەوەت لە ژیــان کەســێک، خولیــایەک، شــتێکە کەچــی دەڕوات و بەجێــت دەهێڵێــت چیتر نزیکت نامێنێت.

هــیچ ئازارێــک وەکــو ئەو ئــازارە نیــیە ئەوەی ڕوحــت داوای دەکـــات، تـــۆ لەبەر خـــاتری ویســـت و حەزی مرۆڤەکان بیخەیتە نێو گۆڕ.

ڕەوا نییە دڵت شتێکی بووێ و تۆ پێی بەسەردا بنێت تەنانەت گەر لەگەڵ مێشکیشت ڕێک نەکەوت نابێ پێی لــێ بــنەی، بەڵکــو دەبێــت ڕێــزی بگــری، چــونکە دڵــی مرۆڤەکان ناسک و پڕ بەهان ئەوێ شوێن و مەنزڵگەی عیشق و خۆشەویستییە بۆ خودا، بۆ خاک، بۆ...، ناکرێ هێنــدە دڕنــدە بــین حســابێک بــۆ ڕاز و نیازەکــانی دڵ

نەکەین، دڵ شتێکە وات لێ دەکات؛ هەست بەبوونی خۆت، کەرامەت، ژیانی خۆت بکەیت.

***

## ئیدی کاتی بەڵێنەکەیە...

بەڵێن خۆی لەخۆیدا واتە خۆم فیدای ئەو بەڵێنە بکەم کە داومە ئەگەر چی هەتا سنووری مەرگیش بمبات.

بەڵێنێکمان بە یەکتردا ساڵێک پێش ئێستا بوو، ئەوکاتەی چووبووینە لای ئەو درەختەی کچ و کوڕانی لادێکە ناویان نابوو درەختی"بەخت" ڕێک لە تەنیشتی ئەو درەختەوە هەموو لادێکەت لێوە دیار بوو.

بەچاوی سەر دەتڕوانییە ئەو مەملەکەتەی دژی هەموو خوێندنەوە و قوتابخانە و ڕۆشنبیریەک بوون، تەنانەت کوێخا بەئارەزووی خۆی ستەمی لە خەڵکی لادێکە دەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی ماستاوچی بوو، کەس نەیدەوێرا پێی بڵێت پێت خوار داناوە!

ئەی هاوار خودا سەردەم سەردەمی ڕۆشنبیری و زانست و زانیاریە، ئەمانەی ئێمەش تەنیا کاریان پڕکردنی گیرفانی خۆیانە.

هەر من نا، بەڵکو (یاسەمین)یش ڕقی لێیان دەبوەوە، درەختەکە ئەوەندە دەسڕ و پەڕۆی پێوە بوو هەریەکە و ڕەنگێک، هەر یەکە و جۆرێک هەڵواسرابوون لەخۆم

دەپرسـی: بـۆچی دەبێـت بەوجـۆرە بیـربکەنە وە کە ئەو پەڕۆیانە بەیەکیان دەگەیەنێت؟!

پێیان وایە بۆئەوەی بگەن بەیەکتری پێویستە وا بکەن، هەرچەنــدە زۆرێــک لەو دڵــدارانە هەریەکە و بەلایەکـا ئەڕۆن و بەیەک نـاگەن، پێم وایە مرۆڤەکـان دە هێنـدەی چـارەنووس دەسـت وەرەدەنە ژیـانی یەکتـری و دەبـنە بەربەستی ئەم بەیەکگەیشتنە.

چارەنوس کاری خودایە و پیرۆز و پڕ دانـاییە، ئەممـا مرۆڤەکـان نەزانـانە دەبـنە ڕێگـر و بەربەسـتی ڕوودانـی حەقیقەتەکان.

ڕێـک خەریکـی سـەیرکردنی دیمەنـی لادێـکە بـووین، منیش بیرکردەوەیەکی لەو جۆرە هاتە مێشکم، کێ دەڵێ شێتانەیە ئەو بیرۆکەیە.

- یاسەمین من دەمێکە تۆ دەناسم دەمەوێت بێ هـیچ قسەیەکی هەڵیت وپەڵیت پەیمانت پێ بدەم یان تۆ یـان مردن ئەم بابەتەشم زۆر بەجدی گرتووە.

- بەڕادەیەک سەرسام بوو، بیری چوو تەنیا خۆی و ئومێد لەوێن، پێی وابـوو ئومێد قسـە لەگەڵ کەسـێکیتر دەکات: ئەوە چی دەڵێیت ئاگاداری خۆتی؟

- بە بــاوەڕ بەخۆبــوونێکەوە، بەڵــێ حــاڵم زۆریــش باشە، ئێستا ڕازیت یان نا.

- بەبێ ئەوەی ئومێد قسەکەی تەواو بکات، بەڵێ بەدڵنیاییەوە، بۆ هەتا هەتایە.

- ناتوانم بەڵێنی درۆت پێبدەم، بەڵام هەوڵدەدەم کارێک بدۆزمەوە، بە زووترین کات بابەتی خوازبێنی بە خانەوادەکەت بڵێم چی لەتوانامدا بێت لە پێناو تۆدا دەیکەم.

- نابێت کەس بەم پەیوەندیە بزانێت تا کاتی خوازبێنی، خۆت دەزانیت مەنسوری برام چەند تورەیە و ڕەفتاری چۆنە.

- باشە خەمت نەبێ ئێستاش ئەو دەسرەی خۆمان هەڵەواسین.

- دڵنیام مێشکت لەدەست داوە، پارچە پەڕۆیەک دوای دوو ڕۆژ با دەیبات و ناتوانێت خۆی ڕابگرێ، ئێستا بە نیازی من و تۆ بخاتە قەدەرێکەوە، هەی گەمژە؟!

- چوزانم مرۆڤی عاشق هەموو کارێکی شێتانەدەکات، ئەی نەت بیستووە مرۆڤ لەکاتی تەنگانەدا و لەدەریای سامناکدا بۆ خۆ رزگار کردن دەست بۆ کەفی دەریاش دەبات، دەی کەواتا با بگەڕێینەوە.

دەمویست بابەتەکە بۆ داپیرم باس بکەم نەم دەزانی کاردانەوەی چۆن دەبێت ئەو کەسێکی بیر فراوان و

تێگەیشتوو بوو، هەرچەندە خوێندەواری نەبوو، بەڵام لە لێکدانەوە و تێگەیشتنی بابەتەکان زۆر لێهاتوو بوو، بەبێ ئەوەی هیچ بابەتێکی مێژوویی خوێندبێت دانە بە دانە ڕووداو و بەسەرهاتەکانی دەزانی زۆر بەباشی ناوی سەرکردە کۆنەکانی سەردەمی خۆی بیر مابوو، ڕووداوی مێژوویی هەریەکێکیانی زۆر بەباشی دەزانی.

**(خوێندن و نووسین؛ پێوەری ڕۆشنبیری نیین، هەر مرۆڤێك دەتوانێت زیرەك و شارەزا و بیر فراوان بێت، ئەگەر ئارەزووی بۆ زانین و زانست هەبێت، پیەوێت بەڕاستی فێر بێت، گەرچی زۆر بە تەمەنیشدا چوو بێت).**

- کاتێک خەریکی چاککردنی یەکێک لە ئامێرەکانی ماڵ بووم، داپیرە دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم:

- کەمێک خۆی ڕێک کردەوە و سەرنجی خستەسەر قسەکەی، ئادەی ڕۆڵەگیان خێر بێت، بێرە گۆ؟

- هەرچەند ئەملاوئەولام کرد سوودی نەبوو، ڕاستیەکەی دەمەوێ شتێک بڵێم، داپیرە تۆ ڕات لەسەر یاسەمین چییە؟

- زیاتر نزیک بووەوە، دەمێکە چاوەڕێم ئەو پرسیارەم لێ بکەی.

- بە شەرمێکەوە، هههە بەڕاست داپیرە گیان؟ دەی چی دەڵێیت؟

- ڕۆڵە گیان من بە کچێکی زۆر سەلار و سەنگینی دەزانم، کەس ناتوانێت گرەوی لێ بباتەوە، بەڵام بڕواناکەم براکانی پێتی بدەن.

ئەم وەڵامگۆیەی داپیرە تاڕادەیەک ئومێدی نیگەران کرد:

- بۆچی نایدەن؟ من چیمە ئاخر؟

- ڕۆڵە گیان کێشە تۆ نیت (یاسەمین)یش نییە، ئێوە دوو گەنجی بەئەدەب و زیتەڵن، بەڵام کەلەڕەقی (مەنسور)ت نەبیستووە کوڕم، هەموو شت بەعەقڵ ئەکرێ.

- ئاهـ ئاخر بۆچی عەشقی پاکی ئێمە ببێتە قووربانی مەزاجی ئەو؟ تەنیا خوا دەزانێ چەنێک عاشقی یاسەمینم، ناتوانم وازی لێ بهێنم، من چەن ساڵە بەباشی دەیناسم.

- مرۆڤەکان بەو جۆرەن کوڕی خۆم، تەنیا دیوێکی شتەکان دەبینن، مەنسوریش ئێستا تۆی بە وێنەیەک کێشاوە لە مێشکی؛ تەنیا خوا دەزانێت چ وێنەیەکە، تۆ جارێ هەوڵبدە کارێک بدۆزەرەوە تاکو بتوانی ژیانی بۆ مەیسەر بکەیت، بۆ داهاتوو خوا گەورەیە، بەڵکو شتێک بگۆڕێت.

- ڕاسـته مـن هەژارم و ڕەنـگه نەتـوانم ژیـانێکی شـاهانەی بـۆ فەراهەم کەم، بەڵام دڵ و ڕووحـم تەنیـا یاسەمینی دەوێت .

- دەزانم ڕۆڵەکەم.

لەگەڵ داپیرم چایەکمـان خـواردەوە و بەجێم هێشـت، بەڕێکەوتم بۆ شار، چومە لای برا گەورەکەی یاسـەمین کە ناوی ئەحمەد بوو، ئەو خاوەنی کارگەیەکی گەورە بوو لەشـار، کەسێکی میهرەبان و دڵسۆز بوو، هەمـوو کەس خۆشـی دەویست و داپیرم هەمیشـه پێی دەوتـم: کـوڕی خـۆم، مـرۆڤه باشـەکان وەکـو گـوڵ وان، ئەوان هەمیشــه هەنـگ و پەپـووله لێیـان نـزیکه و دوورن له ناشــرینی و بێـزارکەرنین هەمیشــه، چـاوەڕوانی شـتی مەزنیـان لێـدەکرێت، بەڵام مرۆڤـی خـراپ نمـوونەی زەلکاوە تەنیا مێش و مەگەزی لێ کۆدەبێتەوە.

ئەو نەک تەنیا بۆ من بەڵکو بۆ هەموو کەس چەشنی گوڵ بوو، دڵنیابووم کەم بێ هیوام ناکات، لەو بارەیەوە داوای کارکردنم لێ کرد.

- سڵاو کاکه گیان، ڕاستیەکەی کارێکم پێت کەوتووە گەر بتـوانی یـارمەتیم بـدەیت، زۆر بـاش دەبێـت. و سوپاست دەکەم چاکەیەکی گەورە لەگەڵ من دەکەیت؟!.

ئەحمەد هەستایە سەر پێ ئەوکاتەی منی بینی:

- سڵاو لە تۆش بەخێربێی، دیار نییت؟

ئومێد، بە گەرم و گوڕییەکەوە:

- وەڵا کـاکە ڕاسـت دەکەیـت بڵـێم چـی، سـەرقاڵی ژیانین.

ئەحمەد: بە پێکەنینەوە..

- دەی ئیتر دونیایە و کاتییە ئێمەش چاک باوەشمان پێدا کردوە، دەی فەرموو قسەبکە، بزانم چیە ڕازت؟

- قسـەکانت زۆر ڕاسـتن، ڕاسـتیەکەی مـاوەیەکە بێکـارم و خۆشـت بـارودۆخی وڵات دەزانـی چۆنە، گەر چاوەڕێی ئەم دەسەڵاتە ستەمکارە بکەین؛ دەبێت بمرین و نەشـمان نێـژن، منـیش ڕاسـتیەکەی بەدوای کـارێکی شایستەدا دەگەڕێم.

- بێگومان ڕاستە، ئێ باشە، بەڵام دەتوانیت چ کارێک بـکەی، بـۆ نمـوونە: زەوی پـاککردنەوە، چـا لێنـان، ڕێکخستنی کەلوپەلەکانی کۆگا؟

ئومێد، سـەری سوڕما و پێـی وانەبـوو کە ئـاوا زوو کارێکی پێبدات، چونکە خەڵکی تووشـی وەهـا قەیرانێک بووبوون کە ئاسان کار دەستنەدەکەوت.

- نازانم هەرشتێک تۆ بیڵێیت.

- ئـاخر نـابێ تـۆ ژیـانی منـداڵیت لە کۆشـکدا و بە حـازرخۆری بەڕێ کردوە، ئێسـتا نـاتوانم بزانم کە زوو ڕادێی یان نا، پێ دەچێ قورس بێت بۆت.

ئومێد، بە متمانە بەخۆبوونەوە:

- دەتوانم تۆ بەس پێم بڵێ چی بکەم.

- باشە مادام سووری لەسەر کارکردن، ڕازیم لێرە لای من کاربکە، کاری تۆ ئەوەیە ڕۆژانە کارگەکە و کۆگاکە پاک بکەرەوە، بەڵام با شتێکت پێ بڵێم من تەنیا دەتوانم کارت پێ بدەم، نەوەک جێگای مانەوە، دەبێت هەوڵێک بدەیت.

- ئەمە دەرفەتێکی باشە زۆر سوپاس بۆ ئێوە گەورەییتان نواند.

***

# هەوڵدانێك بۆ بەردەوامی

ئەوەی زۆرتـر نیگەرانـی کـردم، مردنـی داپیـرەم وو، داپیرم کە تاکە پاڵپشتی من بوو دوای دایک و باوکم، بە نەخۆشـی کـۆچی دوایـی کـرد نەمـدەزانی ئەم هەمـوو ئازارە چییە کە تووشـی مـن دەبێت، ئەم هەموو خەم و لەدەسـتدانە چیـیە خـۆی ئاڵانـدوە لە ژیـانی مـن، ئایـا دەیەوێ پەیامێکم پێ بڵێت؟ نازانم!؟

هەندێ جار مرۆڤ دەکەوێتە وەهـا بـارودۆخێکەوە کە هەست دەکات دەربازبوونی نییە، واهەستدەکات لە ژیان زیادەیە، ڕووداوەکان بە جۆرێک بێ ئومێد و نـاڕەحەتی دەکەن؛ وەک بڵێـی هـیچ دار و بەردێـک نیـیە کە بتوانێت بەرگەی ئەم ئازارە بگرێت، بۆیە دەدرێتە مرۆڤ.

هەمووکات بیرمە داپیرم دەیوت: (ئەگەر مرۆڤ بەهێز نەبـووایە، ئەوا هەرگیـز ڕکـابەرێکی دڵ ڕەق و بەهێـزی وەکو "ژیان" نەدەبووە تووشـیەوە، ئەو بەوجـۆرە بیـری لە ژیــان دەکــردەوە، پێــی وابــوو کە مــرۆڤ بەرز و پیرۆزە، بۆیە خودا دروستیکردوە).

هەربـۆیە بەئـازارترین و سـەختترین پرسـیار تـاقی دەکـرێتەوە، مـرۆڤە زیـرەک و بەهێزەکـان، هەمیشـە

خاوەن پرسیارگەلێکی بەهێزتر و سەختترن، بۆیە دەتوانن زاڵ بن بەسەریدا، تەنانەت (یاسەمین)یش وابیری دەکردەوە و ژیانی بە پێشبڕکێیەک بەراورد دەکرد کە لە کۆتاییدا هەندێک نمرەی سفر و هەندێک پەنجا و هەندێکیش هەشتا وەردەگرن.

هەرچەندە هەندێکجار وام لێهاتبوو، هیچ کام لەو قسانە کار لە من نەکەن، بەڵام هەمیشە بەدوای ئومێدێکەوە بووم وێڵی سەرچاوەیەکی خۆشی و گەشبینی بووم، بۆیە هەر بەردەوام بووم و کۆڵم نەدا.

نزیکەی دوو ساڵێک دەبوو لە کارگەکەی کاک ئەحمەد دەستم بەکارکردن کردبوو، بەتەنیا نەبووم، لەگەڵ مێرد منداڵێکی هاوڕێم بە ناوی یوسف ژوورێکی بچوکمان لە نزیک کارەکەمان بە کرێ گرت بوو، من خەریکی کۆکردنەوەی پارە بووم تاکو باشترین و خۆشترین ژیان بۆ یاسەمین فەراهەم بکەم، بەڵێنەکەم بیرنەچووبوو، لەسەری سوور بووم، (یوسف)یش بۆ بەردەوام بوونی لە ژیان و دەستکردن بەخوێندن هەوڵی دەدا، چونکە خوێندەوارییەکی وای نەبوو بەکەمی دەیتوانی نووسین و ڕستە بخوێنێتەوە، منیش یارمەتیم ئەدا و جارجار بە مەشقم پێدەکرد و نووسین و ژمارەم فێر دەکرد.

یوسف کوڕێکی پانزە ساڵان بوو کەسێکی سەرشێت و تووڕە بوو، بەڵام تا بڵێی؛ دڵێکی باشی هەبوو، کەسێکی ڕاستگۆ و میهرەبان بوو.

ئەویش بەو تەمەنە بچووکەوە دنیایەک ئازاری چەشتبوو، جیابوونەوەی دایک و باوکی کاتێک بوو کە ئەم تەمەنی شەش ساڵان بووە، دواتر هیچ کام لە دایک و باوکی نەیان ویستووە بیگرنە خۆیان و هەریەکەیان بە لای ژیانی خۆیاندا چوون، بۆیە بێنازیان کردوە و تەمەنێکی لە خانەی بێ سەرپەرستان و سەرجادەکان بەسەر بردوە ئەویش یەکێک بوو لەو قوربانیانەی کە دایک و باوکی هۆکاری بوون.

ئەویش هاو دەردی من بوو، شەوانە دادەنیشتین و باسی ژیانمان دەکرد، ڕاهاتبووین لەگەڵ یەکتر تەنانەت بە بابەتی من و (یاسەمین)یشی دەزانی وێنەی ئەوم نیشان دابوو بەجۆرێک ببووە برای من هەردووکمان لەگەڵ یەکتر ئاسوودە بووین و هەر کێشەیەکمان هەبووایە بۆ یەکتریمان باس دەکرد.

لەکاتی بێتاقەتی و بێزاری ئوومێدمان بە یەکتر ئەدا، بیری یەکمان دەهێنایەوە کە ئێمە مرۆڤین و بەهێزین، هەموو جارێک هەمان قسە و هەمان شتمان دەوتەوە.

وەکو هەر ڕۆژێکی تر خەریکی کارکردن بووم، هەموو شت ئاسایی و باش دەڕۆشت تا ئەوکاتەی

نزیکـی نیـوەڕۆ بـوو بەڕێـوبەر واتـا ئەحـمەدی بـرای یاسـەمین هـاتوو بـانگی هەمـووانی کـرد: پێـی وتـین کە مووچە دابەش دەکات هی هەمووانی دابەش کرد و من نەبێت!

پێی ووتـم: جـاریَ چـاوەڕیَ بکەم و نەڕۆمەوە، منـیش نەمدەزانی هۆکار چیە و ئەو چ کارێکی پێمە.

- وەک ئەوەی شـتێکی خـراپ ڕووی دابێـت دانیشـت لەسەر کورسیەکەی، دەمەویَ شتێکت پیَ بڵێم:

گەر ڕاستگۆ بیت لەگەڵم منـیش: هەوڵدەدەم هاوکـارت بم.

- تاڕادەیەک ترسێک کەوتە گیانمەوە، لەهەمـان کاتـدا سـەرسـام بـووم، فەرمـوو تـۆ بـرای گەورەی منیـت، بێگومان ڕاستگۆ دەبم.

- هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا باشە منیش بیَ چەن و چوون لێت دەپرسم: ئایا بەڕاستی عاشقی (یاسەمین)یت و دەتەویَ بیخوازی؟

- بە سەرسامیەکی زۆرەوە کە نەمدەزانی ئایا خەون دەبینم یان ڕاستیە ئێوە چۆن ئەو بابەتە دەزانن؟

- پاڵی دایەوە بەکورسیێکەیا، یاسـەمین پێی وتـم. خـۆ ئەو هـیچ لە مـن ناشـارێتەوە، مـن دەمـێکە بەم پەیوەندیەتان دەزانم.

– بڕێک خۆم ڕێک کردەوە، کەوایە ڕاستی پێ وتوی، مــن هەمــوو شــتێک دەکەم لە پێنــاو بەدەســتهێنانی یاسەمین.

– ئم، دەزانم، بەڵام هۆکارێک وای لەمن کرد قسە بکەم و باسی ئەم بابەتە بکەم، ئەگینا وەک وتم پێشتریش دەمزانی!

– تا دەهات شڵەژانم زیاتر دەبوو، چ هۆکارێک؟ تکادەکەم خێرا بیڵێن؟

– باشە بەڵام مەشڵەژێ و ئارام بگرە، مەنسوری برام بڕیاری داوە یاسەمین بدات بەکوڕی کوێخا، تەنانەت بەڵێنیشی پێداوە!

بەبیستنی ئەو قسەیە زۆر کەمی مابوو لە هۆش خۆم بچم، هەرچی دەنگ و پیت بوو لە قووڕگمدا گیریان خوارد.

هیچم بۆ نەوترا، هەرچی دەنگبوو نەمدەبیست، هەرچی وێنە بوو نەمدەبینی.

ئاخر خودا تاکە هۆکاری مانەوە و بەردەوام بوونم لە ژیان ئەو تاقە مرۆڤە بوو، مەگەر دەکرێ ئەویش باڵ بگرێت و بڕوات، من لەدوای ڕۆشتنی یاسەمین نامەوێت بۆ ساتێکیش هەناسە بدەم.

**(عەشق لای من یەك یاسای هەیە یان بۆ یەك ژیان یان لە پێناو یەك مردن).**

عیشــق بەڵێنێــک نیــیە لێــی پاشــگەز بیــتەوە، وەکــو ئـاوێنەیەکی خـاوێن خـاوێنە، بە نزیکبـوونەوەی ساناترین هەناسە تەڵخ و ناڕوون دەبێت.

عەشـق پـاکە و ناسـکترین شـتە، مـن ئەمـانەم دەزانـی، دەمزانی عەشق چەند جوانە، بەڵام دڵنیـاش بـووم سـەد هێندەی جوانیەکەی ئازار و ناڕەحەتی و جەنگی دەوێت، دەمزانــی ئەگەر ڕێـگە چـارەیەکی گەورەتـر لە کێشــەکە نەدۆزمەوە؛ ئەوا بــۆ هەتــا هەتــایە لەدەســتی دەدەم، عەشق دەرگایەکە هاتنە دەرەوەی نییە.

لە دڵـی خۆمـدا گـووتم :ئەی خـودام دەبێت چ تـاوانێکم کردبێ وا بەو چەشنە باجەکەی دەدەم؟

تێناگەشتم بۆچێ هێشتا زیندوو مابووم؟ بۆچی دوای ئەو هەواڵە نەمردم و ڕووحم جەستەمی جێنەدەهێشت؟

کاتێـک مـرۆڤ تووشـی ئـازارێکی لەو چەشـنە دەبێـت وەکـو ئـازارێکی ئاسـایی جەسـتە نییە بیـری بچێتەوە و سارێژ بێت، بەدڵنیاییەوە تەنیا ڕادێت، ئازارە ڕۆحییەکان هەزارەهــا هێنــدەی ئــازارە جەســتەییەکان دڵ توشــی تێکەڵـی و بێ ئـۆقرەیی دەکەن، تێپەڕینـی کـات ئـازارەکە

سارێژ ناکات، بە پێچەوانەوە، تێپەڕینی کات ئازارەکە قوڵتر و سەختتر دەکات نەک باشتر.

من وابووم؛ یەک بە یەکی برینەکانم دەکولانەوە و خوێنیان لێ دەتکا، کاتێک دانەیەکی نوێ دروست دەبوو سات لەدوای سات، وێڵی ئومێدێک بووم، هیچم شک نەدەبرد جگەلە دەرگای پاڕانەوەی پاک و پیرۆزی خودا، چونکی ئەو هەموو کات لەگەڵ بەندەکەیدایە، هێندە لێوەی نزیکە تاوانە مرۆڤ خۆی بە تەنیا و بێ کەس بزانێت.

پاش ئەوەی چوومەوە ژوورەکەم، چەندی دەهاتم و دەچووم، چارەسەرێکم لانەبوو، مێشکم توانای بیرکردنەوەی نەمابوو، ئەحمەد ئەوەشی پێ وتبووم کە دوو ڕۆژی تر بە ڕەسمی دێنە داخوازی یاسەمینی خوشکی.

لەگەڵ خۆمدا قسەم دەکرد، چەند زوو بۆچی ئەوەندە زوو خەیاڵ و خۆشیەکانم تێکچوو، هەندێکجار مرۆڤ لە ژیانیدا ڕووبەڕووی هەندێ ڕووداو و پێشهاتی وا کاریگەر دەبێتەوە کە ئەستەمە بەخەبەری نەهێنێت و تووشی ڕاچەڵەکاندنی نەکات، بەجۆرێکە لە جیهانی خەیاڵ دەری دەهێنێت و پەلکێشی واقعی دەکات.

دەمویست هەر ئەو ساتە قسە لەگەڵ یاسەمین بکەم، بەڵام وەڵامی هیچ نامە و پەیوەندیەکی نەئەدایەوە

تا دەهات بارودۆخم خراپتر دەبوو، دڵەڕاوکێ و ترسیم زیادی دەکرد.

بۆ بەیانی چوومەوە بۆ کارگەکە هێندە بێ ئۆقرەبووم بەجۆرێک شەو بۆ یەک چرکەش خەو نەچووبووە چاوانم.

چوومە لای کاک ئەحمەد تاکو بزانم بۆچی یاسەمین وەڵامی پەیوەندیەکانی نەدابوومەوە پێی وتم: مەنسور بە پەیوەندییەکەتانی زانیوە و موبایلەکەی لە یاسەمین وەرگرتووە تەنانەت هەڕەشەی لێکردوە ئەگەر بە قسەی نەکات و شوو بە کوڕەکەی کوێخا نەکات ئەوا دەیکوژێت و پێش (یاسەمین)یش بڕیاریداوە تۆ بکوژێت ئەگەر وازنەهێنن.

ئەحمەد پێشتر ئەوەی بۆ من باس کردبوو کە مەنسوور هێز و دەسەڵاتێکی وای نییە ئەسڵەن کەسێکی زۆر ترسونۆکە، بەڵام دەرباری ماڵی کوێخایە و بەنیازە لەبەرامبەر بە شوودانی یاسەمیندا زەوی وەربگرێ، سەرەڕای ئەوە کوڕەکەی کوێخا بانگەشەی ئەوە دەکات کە گوایە دەمێکە عاشقی یاسەمینە و گەر نەیدەنێ بڕیاری داوە خۆی بکوژێت.

من زۆر بەداخەوە بووم کە یاسەمین بەو باشیەی خۆیەوە خاوەنی برایەکی وا خراپە، ئەی ئەحمەد بۆچی کەسێکی هێندە تێگەیشتوو و میهرەبانە خۆ براشن و

لەیەک ماڵیشــدا گەورەبــوون، بەڵام ئەوە پێــوەر نیــیە، مرۆڤبوون پێویستی بە بڕوانامە و کۆشک و دەسەڵات و پــلە و پــایە نیــیە، مرۆڤبــوون تەنیــا پێویســتی بە ڕووحێکــی پــاک و بێخەوشــە، مرۆڤبــوون ڕێزگرتنــی هەستەکانی بەرامبەرە، ئەحمەد بێ ئەوەی خاوەنی هیچ بڕوانامەیەک بێت لە پەیوەندی من و یاسەمینی خوشکی تێگەیشــتبوو، ئەو دەیزانــی ئــێمە کارەکەمــان بەجــدی وەرگرتوە، هەندێک کەسی نموونەی مەنسور تاوانە بە مرۆڤیان بانگ بکەی، ئاخر چۆن دەبێت مرۆڤێک هێندە بێ چاو و ڕوو بێت، ئازیزترین کەسی خۆی بفرۆشێت لە پێناو ماڵ و سامانی دونیا!، تێناگەم بە چ ویژدانکەوە دڵــی دوو خۆشەویســت لەیەکتــر دەکەن و داهاتوویــان وێــران دەکەن، بەئــارەزووی خۆیــان یــاری بە حەز و خولیــا و ئاواتەکانیــان دەکەن، ئاشــکراترین خــاڵی جیــاکەرەوە لەنێــوان مــرۆڤ و ئــاژەڵ بــوونی ویژدانە..ویژدان، بەڵام کە نەبوو با جەستە هەر ئاوازی مرۆڤبوون بچڕێ.

ئاخر کەی باوی کوێخایەتی و خۆ فەرزکردن ماوە؟! ئەمــانە بەڕاســتەوخۆ و ناڕاســتەخۆ بــوونە بەکــۆیلە و ستەمکار، بەڵام نــا، بێگومــان ئەم مرۆڤانە لەژێر نــاوی فەرمانڕەوایی دادپەروەرانەدا خەریکی پڕکردنی گیرفانی

خۆیانن، خەڵکی داماویش جار لە دوای جار باوەڕیان پێدەکەنەوە.

بەبێ ئەوەی بیربکەنەوە کە چەن کارێکی گەمژانە دەکەن، ئەمانە خۆپەرستیان بەجۆرێکە هەر باس ناکرێت، تەنیا خەمی پلە و پایەیان هەیە، ئەمانە ناتوانن خۆیان بەڕێوە ببەن چ جای بگاتە بەڕێوەبردنی مەملەکەت و خەڵکی وڵات.

مرۆڤ پێش هەر کەسێک؛ پێویستە خۆی بناسێت بزانێت کێیە و ئامانجی بۆ هاتنە دونیا چییە و ڕووحی پێویستی بە چییە، چونکە مرۆڤ تا خۆی نەناسێت ئامانجی هاتنە دنیای نە پێکاوە، هەمیشە لە نموونەی بێگانەیەک دەچێ کە بە دەستبەتاڵی بە سەر زەویدا ڕێ دەکات، هەمیشە هەست بە نامۆیی و ناشرینی خۆی دەکات، بەڵام نا، ئەم جۆرە مرۆڤانە تەنیا بەدوای حەز و ئارەزووی خۆیان کەوتوون هەر خەریکی گەڕان بەدوای عەیب و کاری بەرامبەرەوەن، ئەوەندەی بەدوای ئەو زانیاریانەوەن کە بەرامبەر هەیەتی و نەیانزانیوە، نیو هێندە بەدوای خۆیاندا بگەڕێن و سەیری حەز و ڕەفتار و خولیاکانی خۆیان بکەن، لەوانەیە ڕۆژێک بێت خۆیان بناسن و خۆیان بدۆزنەوە چیتر نامۆکەی جاران نەبن، چیتر نەتوانن خیانەت و فرۆشتن و درۆکردن بکەنە پیشەیان.

ئەحمەد بڕیاری دابوو یارمەتیمان بدات پێشنیاری بۆ کردین لەگەڵ یاسەمین هەڵبێین و وڵات بە جێبهێڵین، چونکە تاکە ڕێگای بەردەممان بوو ئەگینا بۆ هەمیشە یەکتریمان لەدەست دەدا، بیرم دێت یەکێک لە مامۆستاکانی قوتابخانەم ڕۆژێک قسەیەکی وەک دەردە دڵێک بە من وت من ئەو کاتە تێنەدەگەشتم لێی، بەڵام ئێستا زۆر بەباشی لێی تێدەگەم، پێ دەچوو ئەو ڕۆژە دڵی شکێنرابێت، دەیوت ئێمە لە وڵاتێکداین هەرکە ناوی عەشقمان بیست ئیتر لەرز و تا ئەمان گرێت، بەبێ ئەوەی بزانین کە عاشقی چی بووین؟!.

ماوەیەک پێش ئێستا بیستم کە چەن ساڵێک دەبێت بۆ هەمیشە ئێرەی جێهێشتووە و ڕۆیشتووە.

هەوڵم دا لەگەڵ ئەحمەد قسە بکەم چونکە پێویست بوو ئەم بابەتە زۆر بە باشی تاووتوێ بکەین.

لەو تاقە ژوورەی بە کرێمان گرتبوو: کۆبووینەوە. لەوێدا قسەمان لەسەر هەموو ئامادەکاریەکانی هەڵهاتن کرد تەنیا یاسەمین مابوو کە قسەی لەگەڵ بکەم هەرچۆنێک بێت توانیم ببینم کەوتینە قسەکردن لەو بارەیەوە:

- یاسەمین دەزانم سەرسام دەبیت، بەڵام تەنیا یەک ڕێگەمان لە بەردەم ماوە بۆ ڕزگاربوون و....

- بە تامەزرۆیی و نیگەرانییەوە:

- ئادەی زوو بیڵێ دڵم ئۆقرەی نەماوە.
- باشە دەیڵێم: هەڵهاتن و چوون بۆ وڵاتێکی دوور!
- بە سەرسامیەکەوە، ئەوە تۆ شێت بوویت؟ ئەی ئەگەر بماندۆزنەوە دەزانی چی ڕوودەدات؟
- تۆ خەمی گیانی خۆمانتە یان دەترسی؟
- نەخێر ناترسم، بەڵام ئەگەر بماندۆزنەوە: ڕاستەوخۆ نامانکوژن: دڵنیام بە ناڕاستەوخۆیی ئازارمان دەدەن تادەمرین.
- جا ئەمەیە عەشق، یەکەم ڕۆژ چیم پێ وتی؟ نەمووت عەشق قووربانیدانی دەوێت یان تۆ دەتەوێت ئاسان دەستبەرداربیت؟
- دەستبەرداربوون نییە، ڕاست دەکەیت گومانم نییە، باشە کێ یارمەتیمان دەدات خۆ ئێمە کەس ناناسین؟
- هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، ئەحمەدی برات هەموو شتێکی ڕێکخستووە تەنیا تۆ مابووی ڕازی بیت!
- بەسەرسامیەکی زۆرەوە بەڕاست؟ دەی کەواتە زۆرباشە ڕازیم دڵنیام ئەو نا ئومێدمان ناکات.
- کەواتە سبەی بەیانی کاتژمێر سێی شەو ئەحمەد تۆ دەباتە ئەو شوێنەی منی لێ دەبم.
- بە دڵخۆشیەکەوە، زۆرباشە.

کاتێک بابەتەکەم بۆ یوسف باسکرد کە بەنیازین بەیانی بەڕێ بکەوین؛ پێکەنین و دەربڕینی خۆشی ڕووخسارە ماندووەکەی یوسفیان نەخشاند، بەڵام لە ناکاو بۆ ساتێک بێدەنگ بوو، ئەو کەوتە بارودۆخێکی سەیرەوە وەک بڵێی شتێکی بیرکەوتبێتەوە یان بابەتێک بێزاری کردبێت کەوتمە پرسیارکردن لێی کە بۆچی بەو جۆرە بێدەنگ بووە؟ پێی وتم کە ئەو ئیتر تەنیا دەبێت و هاودەم و هاوڕێیەکی نابێت ڕاستیشی دەکرد، چونکی من و ئەو هەرچەندە هاو تەمەن نەبووین، بەڵام ئازارەکانمان بەنزیکی هاوبەش بوو، پێکەوە هەموو خۆشی و ناخۆشیەکمان بەشکردبوو.

هەندێجار ژیان هەندێ کەست پێ دەناسێنێ تەنیا بۆ ئەوەیە پێت بڵێت: کەسێکی تریش هەیە دەردەدار و بێ ئۆقرەیە، بۆئەوەیە پێت بڵێت: هەر تۆ نیت ئازار دەچێژیت، هەر تۆ نیت بارێکی قورس لەسەر شانەکانتە.

لە ڕاستیدا هیچ مرۆڤێک نییە لەم دونیایەدا ئازار و نارەحەتی نەچێژێ، هەریەکەمان ئازارێک ژیانمانی تەنیوە، چونکە (ئێمە دروست نەبووین بۆ پاڵدانەوە و پشوودان، بەڵکو دروست بووین بۆ کارکردن و هەوڵدان، باشترین ڕێگاش بۆزاڵبوون بەسەر تەنگی و نارەحەتیەکانی ژیاندا، بوونی ئیمانێکی بەهێز و پتەوە بە پەروەردگاری جیهانیان).

پێش هەموو شتێک دانانی ئامانج و وێناکردنی خەون و سووربوون لەسەر بەدیهێنانیان هەروەها بەڕاست وەرگەڕانی خەونەکان دەبێت کاری لە پێشینەمان بێت، هەمووومان لە کاتێکی تەمەن و لە سوچێکی ئەم دنیایەدا ڕۆژێکمان هەیە بۆ ئازار چەشتن، بەڵام بیرمان نەچێت؛ بەدڵنیاییەوە ڕۆژێکیش هەیە بۆ کۆتایی هاتنی ئەوانە بۆیە پێویستمان بە بەردەوامی و دڵێکی پڕ ئومێد و بەهێز هەیە.

هەرچۆنێک بێت تا توانیم دڵیم دایەوە و پێیم وت: گەر ڕۆشتین و ڕزگارمان بوو لێرە، بەدڵنیایەوە ئەویش بۆ لای خۆمان دەبەین، چونکە بەڕاستی (یوسف) لە برایەک زیاتری بۆ کردبووم متمانەی تەواوم پێی بوو (یاسەمین)یش ئەوی خۆش دەویست کەسێکی ڕاستگۆ و دڵباش بوو، ئەویش ڕازی بوو.

کرێوەبوو، کەش و هەوایەکی هێندە ساردی هەبوو باوەڕم نەدەکرد هەرگیز پێشتر شار بەفرێکی وا زۆری بە خۆیەوە بینیبێ، هێندە سارد بوو تەنانەت وەڕینی سەگی کۆڵانەکانی نوقمی بێدەنگی کردبوون، دەتوت شار هەموو ئاگاداری هەڵهاتنی دوو ئەڤینداره و وەک بڵێی: تکایە مەڕۆن یان کەدەڕۆن بەخواتان دەسپێرین و نازانم دەرفەتی بینینەوە دەبێت یان نا، نزیکەی کاتژمێرێک دەبوو لە چاوەڕوانی ئەحمەد و یاسەمین

بووم، بەنیاز بووین بە ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر بڕۆین کە کاری هاوردەکردنی کەل وپەل بوو لە وڵاتی دراوسێوە بۆ ئێرە و لێرەشەوە بۆ ئەوێ لە کۆتاییدا هاتن سوپاس بۆ خوا.

- بەهۆی سەرماوە، سەری لوت و سەری پەنجەکانم سوور ببوون، ئەرێ بۆ ئەوەنەتان پێ چوو خۆ مردم لێرە، کاتژمێرێکە چاوەڕێتانم.

- بەترسێکەوە سڵاو، خێراکەن دەبێ هەر ئێستا بەڕێکەون، نەمانزانی چۆن هاتینە دەرەوە لەماڵ.

- هێندە دەترسا دەموت ئێستا دەگەڕێتەوە، ڕاستییەکەی ناهەقیشی نەبوو، چونکە گەر ئێمەیان پێکەوە ببینیایە بەدڵنیاییەوە ڕووحیان لە جەستەمان دەردەکر، ئازیزم ئامادەم خێراکە با بڕۆین.

چووینە دواوەی بارهەڵگرەکە.

- بۆ کۆتاجار سەری خوشکەکەی ماچ کرد و ڕوویکردە من وتی: (من یاسەمین بە خودا و بە تۆ دەسپێرم متمانەم پێتە).

- خۆنەویستانە فرمێسکێک دەووری چاوە ڕەشەکانی دابووم: بەڵێن بێت لە خۆم زیاتر چاوم لێی دەبێت.

بەڕێکەوتین و نزیکەی چوار کاتژمێر زیاتر دەبوو لە ناو بارهەڵگرەکە بووین، کاک ئەحمەد پێشتر هەموو

شـتێکی ڕێکخسـتبوو خـاوەنی بـارهەڵگرەکە هـاوڕێی نزیکی ئەو بوو، بەهۆی کاری کارگەکەوە یەکێکبوو لەو کەسانەی کاری بۆ دەکرد.

وێسـتگە دوای وێسـتگە، ئـێمە لەنـاو ئەو بـارهەڵگرە ساردەیا بووین نەماندەزانی لەکوێین و دەرەوەمان لێ دیار نەبوو.

من و یاسەمین زۆر دڵخۆش بووین هێندەی نەماوە بە خەونەکەمان بگەین، تەنیا ڕزگارمان بێت ئیتر ئەوی دی ئاسان دەبێت.

ئەم قسانەمان زوو زوو بە بیری یەکتر دەهێنایەوە.

کـاتی چـوونە نـاو بەلەمەکە بـوو، هێشـتا بەڕێ نەکەوتبووین ئەوێ هەر من و یاسەمینی لێ نەبوو؛ ئای خودایە، ئەم هەمووە بەنیازە وڵات جێبهێڵێت!

گەنجێک: خوێندنم تەواوکرد و هیچم و بە هیچ نەکرد تەنیـا لەبەرئەوەی وەکـو ئەوان نەبـووم ئیمـزای دامەزراندنی منیان نەکرد، (دە)ساڵە تەواوم کردوە و لەماڵەوەم، هەرچی خەون و ئاواتم بوو نرایە چاڵ.

دوانـی تـر لەولاوە :ئـێمەش بە تـاوانێکی کوشـتن تێوە گلاوین، قەرار بوو هاوبەش بین کەچی ناومانیان دا بە پۆلیس و ئێستاش تاکە ڕێگا ڕاکردنە بە قاچاخ.

ئـافرەتێکی نزیـک چـل سـاڵ، فەرمـانبەرێکی حـوکمەت بـووم بەڕێـوبەرەکەم بە (وێـنە)یەک کە توانیبـووی لە

موبایلەکەمی ببا؛ هەڕەشەی لێکردم گەر دەستی لەگەڵ تێکەڵ نەکەم، ئەوا دەمکوژێت و منیش بۆ سەلماندنی پاکی خۆم پێویستە زیندوبم.

ژنێکیتری بەڕەگەز نەتەوەیەکیتر لەگەڵ سێ منداڵی بچوکدا: منیش لێرە پارێزراو نیم و چی و چی ...

دوو گەنجیتر لەولاوە لەگەڵ بەحەسرەتەوە هەڵمژینی دووکەڵی جگەرەکەی دەستیان کە بەرەو تەواوبوون دەچوو، بێکاری وای لێکردین سەری خۆمان هەڵگرین و بەهۆی بێ پارەیی لە دەزگیرانەکانمان جیابووینەتەوە.

لە مەودایەکی کەمدا گوێمان لە زۆر چیرۆک بوو، زۆر مرۆڤمان بینی کە جانتای سەفەریان لە شان نابوو، ڕێگای هاتوو نەهاتی سەفەریان هەڵبژاردبوو، دەیان ویست دەریا و زەریاکان ببەزێنن، ئێمە بە بینینی هەموو ئەم وێنانە تاساین، وامان دەزانی تەنیا خۆمان دەردەدار و بێ چارەین، ئەوەتا خەڵکی وڵات هەموو بێ ئومێد و بێچارەن، (هەمووان بەنیەتی خۆشگوزەرانی وڵات بەجێدەهێڵن).

باشە مرۆڤ لە خاکی خۆیدا، دڵخۆش نەبێت ئەدی لە کوێی غەریبیدا ئۆقرە دەگرێت؟

تیشکی هەتاوەکە بە تەواوی هاتبووە دەر دەیویست بجەنگێ و بەفرەکان بتوێنێتەوە.

هەموو شت ئامادە بوو تەنانەت جلی تایبەتی ناو بەلەممان پۆشی بوو بەڵام، سەرئەنجامێکی قورس و هێشتا.. دڵ پڕ ئومێد!

بەڵام ئەوەی نەدەبوو ڕووبدا ڕوویدا، هەر ئەوەندەم لەبیرە بە چوار پێنج کەسێکەوە هاتن ئێمەیان دەرکرد لە ناو بەلەمەکەدا، کۆتا بینینی من و یاسەمین ناو بەلەمەکە بوو، کاتێک چاوەکانم کردەوە لێرە لەم زیندانەدا خۆم دۆزیەوە.

وا بۆ چەندین ساڵ دەبێت ئێرەش پڕە لەو کەسانەی بێتاوانن!

پڕە لەوکەسانەی بە ناحەقی ئازاردەدرێن، ڕۆژگارێکە حەق بڵێیت مردوویت و ناحەق بڵێیت لە ئاسمانیت!

تاوان بارەکان چ کاریکیان لە زیندانە ئاخر؟

هەرچۆنێک بێت خۆیان ڕزگار دەکەن ئەوانەی ڕزگاریان دەبێت، جیاوازن لە ئێمەی بێ دەسەڵات و لاواز بە هونەری خۆیان دەتوانن هەر زوو بڕۆنە دەرەوەی زیندان! لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کەسانەشی تێدایە کە خودا خۆی بەڵێنیداوە کە دەبێت باجی تاوانەکانیان بدەن هیچ کەسێک ناتوانێت لە سزای خودا هەڵبێت.

بۆ نموونە پێش ماوەیەک بۆم دەرکەوت یەکێک لەو بەندیانەی کە لە زیندانەکە لەگەڵم بوون، پیاوێکی

تاڕادەیەک پیر، دەستی چەپی دوو پەنجەی نەبوو، ئەو ناوی (حامید) بوو!

(یوسف)یش جارجار دێتە سەردانم، هەواڵی چوونی بۆ قوتابخانە و هێنانی نمرەیەکی زۆر باشی بەمندا، ئەمە خۆی مژدەیەک بوو بۆمن ئومێدێک بوو لە زەمەنی نائومێدیدا، ئەو وتی سەرەڕای خوێندنەکەم، ئێستاش لەکارکردن بەردەوامم، من بەوە زۆر دڵخۆشبووم، هێندە بەوەفایە ڕۆژوکات دەژمرێت بۆ ئەوەی لێرە درچم و پێکەوەوەک جاران لەگەڵ یەک بین، ئەگەرچی ئەو منداڵێکی سەرشەقام بوو هێندە وەفاکێشە مرۆڤ پێی سەرسام دەبێت، خۆ مەرج نییە ئەوانەی لەسەر شەقامن زۆربەیان خراپ بن، بەڵکو ئەوانەی خراپن زۆربەیان منداڵی نێو کۆشکەکانن.

هەفتەی پێشوو بوو نامەیەکی بۆ هێنام؛ سەبارەت بە یاسەمین، ئەویش تازە ئەوی دۆزیبووەوە و پێکەوە قسەیان کردبوو.

وتبووی کە چەندین ساڵە هاوسەرگیری کردوە و لەوەتەی ئاشکرا بوون یاسەمین هاوسەری کوڕەکەی کوێخایە، ئەوەی وت کە یاسەمین ئێستا گەر بە جەستەش نەبێت بەڕووح نزیکمە، من ئەوەم بە باشی دەزانی کە ئەو بۆیە بەو ژیانە ڕازی بووە لە پێناو

ئەوەی مـــن نەکـــوژن ئەویـــش وەک کەمتـــرین وەفـــا بەرامبەر بە من ئەوەی هەڵبژاردوە.

بەتاوانێک کە نەمکردبوو ناویان لێ نابوو، ڕفاندنی کچی خەڵکی!، هەڵدرامە ئەم شوێنەوەوە، بەڵام زۆری نەماوە بەمزوانە ئازاد دەکرێم، دەمەوێ بگەم بە خەونەکەم، خەونەکەی منداڵیم، بوون بە فڕۆکەوان ئاواتی منداڵیم بوو، ئێستا دەڵێن بەشی ئەندازیاری فڕۆکەوانی لە زانکۆیەک لە زانکۆکانی ئەم وڵاتە کراوەتەوە.

(عیشق لە شوێنی خۆی و هەوڵدان بۆ دووبارە ژیانەوە لە شوێنێک).

مرۆڤە بەهێزەکان هەمیشە بە دڵێکی پڕ ئومێدەوە دەست پێدەکەنەوە!

بەڵێم بە خۆم داوە تا مردن بجەنگم!...

تەواو

مـن دڵنیـام زۆرت چەشـتووە، زۆرت بینیـووە لە تـاڵی و سـوێری ژیـان، لەهەمانکاتـدا نەتهێشـتووە کەوتنێکی ئەبەدی بێتە سەر ڕێت!

نەتهێشـتووە بـۆ جـارێکیش بێـت ئاسـتەنگەکانی ژیـان تـۆ پێناسە بکەن، بەڵکو چەندین جار پێت ناوەتە سـەر دڕکەکان خۆ ئەوانیش خراپ نین !جێگای نەفرەت نین دەزانی بۆ؟

چـونکە دڕک و چـاڵ و نزمـی و سـوتان وبـرین وکەوتـن ئەمـانە هەمـوو ئەو مامۆسـتایانەی ژیـانی تـۆن کە فێـرت دەکەن گەر بتەوێ: هێزت پێ دەبەخشن دروستت دەکەن.

بەڵـێ ئەوانە ئـاوان بە ڕووکەش وادەرەکەوێـت دووژمنـی تـۆن، بەڵام وانییە، تـۆ دەبـێ هەر کەوتـن و هەر دڕکێکـت: هێندەی سەرکەوتن و خۆشییەکان خۆش بوێت.

لەو بـاوەڕەدام مـرۆڤ هێنـدە بەهێـزە هەرگیـز بێ ئوومێـد نابێت بەتایبەت کاتێ بۆی دەرەکەوێت خـودایەکی بێ هـاوتـا و تەنیا زۆر نزیکیەتی بەڕادەیەک ئیتر تاوانە خەمێک بخوات و بێ ئوومێد بێت.

بۆیە هەمیشە بە ئومێدەوە ژیان بکە